# پەناهەندەیەکی فەرەنسی
# لە کوردستاندا

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**
***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# پەناهەندەیەکی فەرەنسی
# لە کوردستاندا

سیناریۆ

فەرهاد پیربال

ناوی کتێب: پەناهەندەیەکی فەرەنسی لە کوردستاندا
سیناریۆی: فەرهاد پیرباڵ
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٥٠
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠١٠
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٧ی
ساڵی ٢٠١٠ی دراوەتێ

١- دەرەوە. نیوەڕۆ. پانۆرامای شاری ئاکرێ.

زۆربەی ماڵەکان مافوور و جلوبەرگە شۆراوە ڕەنگینەکانیان هەڵخستووەتە بەرهەتاو. بانگی منارەی مزگەوتی گەورە:

- الله اکبر، الله اکبر.

لە ناو قاڵدرمەکانی بازاڕە تەنگەکەی شاری ئاکرێ ڕۆژنامەنووسێکی فەرەنسی (کریستۆف) کۆڵەپشتێکی قورس بە پشتییەوە، جانتایەکیش بەدەستییەوە، ڕادەکا. چەند چەکدارێکی کورد بەدوای کەوتوون دەیانەوێ بیگرن:

- بیگرن!

- کەس تەقەی لێ نەکا.

٢- دەرەوە. نیوەڕۆ. قاڵدرمەکانی ناو بازاڕی (ئاکرێ).

شەهرەزاد، کچێکی زۆر جوان و سەرنجڕاکێشی کورد، جلوبەرگێکی ڕەنگین، یەخەوبەرۆک پڕ ملوانکە و مۆری و مەرجان؛ دیمەنی ڕاکردنی چەکدارەکان بەدوای کریستۆف لە ناو کۆڵانی بازاڕەکەدا دەبینێ. شەهرەزاد دەحەپەسێ و بیر دەکاتەوە. دەگەڕێتەوە و.. ڕادەکا: خۆی دەکا بەناو کۆڵانێکدا.

٣- دەرەوە. نیوەڕۆ. کۆڵانێکی تر.

دەنگی غلۆرکردنەوەی بوتڵی غاز.

چەند منداڵێک: کچ و کوڕ، لە ناو کۆڵانەکە ساپساپانێ دەکەن.

کریستۆف بەڕاکردنەوە بەسەر قاڵدرمەیەک دەکەوێت. لە ناکاو دەرگەیەک بەڕوویدا دەکرێتەوە و ڕادەوەستێ. شەهرەزاد پشتملی دەگرێ و ڕای دەکێشێتە ژوورەوە. دەرگەی لەسەر دادەخا.

دەنگی پێی ڕاکردنی چەکدارەکان دێ کە لەودیو دەرگەوە بەناو کۆڵانەکەدا تێپەڕ دەبن؛ لەگەڵ دەنگی ساپسانێی منداڵەکان.

ورده ورده دەنگی پێی چەکدارەکان نامێنێت. بانگی "الله اکبر" تەواو دەبێ.

٤- ژوورەوە. ماڵی شەهرەزاد.

کریستۆف هەناسە بەخێرایی دەدا. پاشان تێ دەگا کە شەهرەزاد دەیەوێ داڵدەی بدا.

کریستۆف و شەهرەزاد تەماشای یەکتر دەکەن. کریستۆف سەرسام بووە بەرامبەر جوانییە سیحراوییەکەی شەهرەزاد. کریستۆف لە شەهرەزاد دڵنیا بووە.

دەنگی منداڵەکان دێ لە ناو کۆڵانەکە ساپساپانێ دەکەن.

کریستۆف:

They are every where[1]

شەهرەزاد:

ئممم...

---

(١) کریستۆف:

ئەمانە لە هەموو شوێنێکن.

کریستۆف:

In Turkey, in Iran, in Syrie, in Egypte, in Afganistan.. every where.[1]

شەهرەزاد:

Not in Europe? Not in America?[2]

کریستۆف:

You mean the terorists?[3]

شەهرەزاد:

Yes, the terorists.[4]

٥- ژوورەوە. ماڵی شەهرەزاد.

چەکدارەکان دەرگە دەشکێنن. دێنە ژوورەوە. هەریەکەیان لە سووچێکی ژوورەکەدا دەست بە کلاشنکۆفەوە ڕووەو (کریستۆف) ڕادەوەستن.

کریستۆف، نائومێد، زەندەقچوو؛ هەردوو دەستی تەسلیمبوونی، بەرز ڕادەگرێ:

---

(١) کریستۆف:

لە تورکیا، لە ئێران، لە سووریا، لە میسر، لە ئەفغانستان.. لە هەموو شوێنێکن.

(٢) شەهرەزاد:

ئەدی بۆ ناڵێی لە ئەورووپا؟ چما لە ئەمەریکاش نین؟

(٣) کریستۆف:

مەبەستت: تیرۆریستەکان؟

(٤) شەهرەزاد:

بەڵێ، تیرۆریستەکان.

I am coming here just to know why the Kurds come to Europe to be refugies. Please..![1]

(تیتراژی فیلمەکە و ستافی کار)

٦- دەرەوە. نیوەڕۆ. ناو کوێستانێک کە شانەهەنگی لێ بەخێو دەکرێ.

قالە قۆز، جووتیارێکی کەشخە و دڵتەڕ، خەریکی بەخێوکردنی هەنگە. شانەهەنگەکان ڕێک دەخات. بەدەم کارکردنەوە دێت و دەڕوا بەناو شانەهەنگەکاندا. چالاک و دڵخۆش بەدەم گۆرانییەوە کار دەکا:

بۆ بازرگانی دەچمە شنۆیێ

کراست بۆ دێنم لە گوڵەی لیمۆیێ.

قالە قۆز تیلکێک لە هەنگوینی ناو مەنجەڵەکەی بەردەمی دەدات و تامی دەکا:

ئاااهەه... یەکاویەکە بۆ زەردوویی، بۆ نەخۆشیی دڵ...

شانەهەنگەکان جێ دەهێڵێ: لە کاری ئەمڕۆی تەواو بووە.

قالە قۆز لە ناو کوێستانێکدا بەدەم گۆرانییەوە لێژ دەبێتەوە بۆ ناو چەمێک:

هەر کەسێ نەیبێ دوو دۆست و یارێ..

قالە قۆز دەچێ لە ناو چەمەکە، لە ناو هاژەی چەم و جریوەجریوی باڵندەکاندا، خۆی دەشوا بەدەم گۆرانییەوە:

هەر کەسێ نەیبێ دوو دۆست و یارێ

بەردی لێ بارێ سوبح و ئێوارێ

٧- ژوورەوە. نیوەڕۆ. ماڵی شەهرەزاد.

دەنگی غلۆرکردنەوەی بوتڵی غاز.

---

(١) کریستۆف:

من هاتوومەتە کوردستان تەنیا بۆ ئەوەی بزانم کورد بۆچی لە کوردستان ڕادەکەن و پەنا دەبەنە ئەوروپا؟

چەکدارەکان لوولەی تفەنگیان لە کریستۆف ڕاگرتووە.
سەرگەڤازی چەکدارەکان (ڕووەو شەهرەزاد):
تۆ چ پێوەندییەکت بەم ڕۆژنامەنووسە فەرەنسییەوە هەیە؟

کچەکە:

من نایناسم.
سەرگەڤازی چەکدارەکان بە لوولەی کلاشینکۆفەکەی بە کریستۆف دەڵێ:
«بە پێشمان کەوە!».
کریستۆف هەردوو دەستی تەسلیمبوونی، بەرز ڕاگرتووە. زەندەقی چووە:
.. just to know why the Kurds go to Europe to be refugies. Please..![1]
سەرگەڤازی چەکدارەکان بە لوولەی کلاشنکۆفەکەی دیسان بەکریستۆف دەڵێ:
«بە پێشمان کەوە!».
کریستۆف کۆڵەپشتە قورسەکەی و جانتاکەی هەڵدەگرێتەوە؛ خۆی ڕێک دەخا بۆ ئەوەی بەڕێ بکەوێ. ساتمەیەک دەکات و دەترسێ.
سەرگەڤازی چەکدارەکان لوولەی کلاشینکۆفەکەی دەکاتە ڕووی شەهرەزادیش:
تۆش..!
کریستۆف هەردوو دەستی تەسلیمبوونی، بەرز ڕاگرتووە و دەڕوا؛ ناڕازییە لەوەی دەیبەن.. دەیەوێ تێیان بگەیەنێ:

---

(١) کریستۆف:
من بەس دەمەوێ بزانم کورد بۆچی ڕادەکەن و دەچن داوای پەناهەندەیی دەکەن لە ئەوروپا؟

I am coming here just to make a reportage about the Kurds: why they-come to Europe to bee refugies...(1)

٨– دەرەوە. نیوەڕۆ. چەمی ناو کوێستانەکە.

قاڵە قۆز لە ناو چەمەکە، ڕووت، نیوەی زیاتری لەشی لە ناو ئاوەکە، خۆی دەشوات و گۆرانی دەڵێ:

سپیی سادە بیست دینار

سوور و سپی چل دینار

ئەسمەر بێ و خاڵ لە ڕوو بێ

حەفت سەد و پەنجا دینار

قاڵە قۆز لە چەمەکە دێتە دەرەوە، خۆی وشک دەکاتەوە. بەناو سروشتێکی ڕەنگیندا بەرەو خانووەکەی خۆی دەگەڕێتەوە.

جریوەجریوی چۆلەکە و هاژەی چەمەکە.

مەیتەرێک ڕەوە ئەسپێک دەهاژۆتە ناو چەمەکەوە. دەنگی مۆسیقاییی هەموویان.

٩– دەرەوە. پاش نیوەڕۆ. سروشتی کوردستان.

گڤەگڤ و گڕەگڕی هەلیکۆپتەر بە ئاسمانەوە.

بەسەر جادەکەوە دوو جێبی سپی، جامەکانی بە ڕەش داپۆشراون، کریستۆف و شەهرەزاد دەگوازنەوە ناو شار.

بەپێچەوانەی ئاراستەی ئەوان، دەبابە و جێبی ئەمەریکی و هاوپەیمانەکان.

بە ئاسمانیشەوە هەلیکۆپتەر و فڕۆکە گڤەیان دێ.

---

(١) کریستۆف:

من هاتمە کوردستان بەس بۆ ئەوەی ڕیپۆرتاجێک بکەم لەسەر ئەوەی کە کورد بۆچی لە کوردستان ڕادەکەن و دەچن داوای پەناهەندەیی دەکەن لە ئەوروپا؟

١٠- ژوورەوە. پاش نیوەڕۆ. ناو جێبەکە.

چەکدارەکان و کریستۆف و شەهرەزاد.

دەنگی ڕادیۆ بەحەماسەوە:

ڕژێمی گۆڕ بەگۆڕی سەدام حوسێن کۆتاییی پێ هات. ئێستاش قۆناغێکی نوێ لە ژیانی کوردستان دەست پێ دەکا. گوێگرانی خۆشەویست...

کریستۆف حەجمانی نییە؛ هەر دەیەوێ تێیان بگەیەنێ. بە شەهرەزاد دەڵێ:

Dits a eux que je suis venu au Kurdistan juste pour faire un film: pourquoi les Kurdes vienent en Europe demander le droit d asile.(1)

١١- دەرەوە. پاش نیوەڕۆ. کوێستانەکە.

قالە قۆزی هەنگڤان لای شانەهەنگوینەکانی، ئاگری کردووەتەوە و بەدەم گۆرانییەوە گۆشت دەبرژێنێ. جارجاریش دەچێتە لای شانەهەنگەکانی. لەبەر خۆیەوە گۆرانی دەڵێ:

خوایە وەتەن ئاواکەی، چەند دڵگیر و شیرینە

ئاوی کەوسەرە، خاکی گەوهەرە

پڕ لە گوڵ و نەسرینە.

هەنگ لەناو شانەکانی خۆیاندا، بەسەر گوڵەکانەوە کار دەکەن.

قالە قۆز لە ناو حەوشەکە لەسەر قەرەوێڵەیەک پاڵ دەداتەوە تا بنوێ؛ بەڵام پێش ئەوە گوڵێکی سوور لە ناو پەرداخێک دادەنێ و لە تەنیشت خۆی دایدەنێ: سەیرێکی دەکا.

---

(١) کریستۆف:

تکایە پێیان بڵێ کە من تەنیا بەو مەبەستە هاتوومەتە کوردستان تاکو فیلمێک دروست بکەم لەبارەی ئەوەی کە کورد بۆچی وڵاتی خۆیان جێ دێڵن ڕوو دەکەنە ئەوروپا؟

١٢- ژوورەوە. ناو جێبەکە. چەکدارەکان، کریستۆف و شەهرەزاد.

کریستۆف چاوی لەسەر پەردەی ڕەشی پەنجەرەی ناو جێبەکەیە.

سەرگەڤازی چەکدارەکان پەردە لەسەر پەنجەرەکەی کریستۆف دەکاتەوە.. بۆ ئەوەی کریستۆف دەرەوە ببینێ. ئەویش بۆ ئەوەی سوپاسی بکا بزەیەکی بۆ دەکا.

کریستۆف (ڕووەو شەهرەزاد):

Il nous ammenent ou?[1]

شەهرەزاد:

Je ne sais rien.[2]

سەرگەڤازی چەکدارەکان:

تۆ ئەم فەرەنسییە لە کوێ فێر بووی، خانم؟

شەهرەزاد:

دەکرێ بزانم ئێمە دەبەنە کوێ؟

سەرگەڤازی چەکدارەکان دەنگی ڕادیۆ بەرزتر دەکاتەوە:

- هەواڵەکان..

برووسکە مۆسیقایەکی خێرای ڕادیۆیی.

- هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمان بە یارمەتیی پێشمەرگەکانی کوردستان پاشماوەکانی بەعس و ئیسلامییەکان ڕادەماڵن..

دەنگی گڤەی فڕۆکە و هەلیکۆپتەر لە پەنجەرەوە سەرنجی کریستۆف ڕادەکێشێ.

---

(١) کریستۆف:

دەمانبەنە کوێ؟

(٢) شەهرەزاد:

نازانم.

١٣- دەرەوە. دەمەوعەسر. دوو جێبەکە دەگەنە ناو پارێزگای هەولێر. هەموویان لە جێبەکەوە دادەبەزن. خەریکن سەردەکەون بەرەو پارێزگا.

١٤- دەرەوە. نیوەڕۆ. عەنکاوە. نووسینگەی یەکێک لە ڕێکخراوە فەرەنسییەکان.

چوار فەرمانبەری ڕێکخراوە فەرەنسییەکە: (ژنێک و سێ پیاو).

ژنەکە و پیاوێک، شڵەژاو، دێن و دەچن.

پیاوێکی تر تەماشای کاتژمێرەکەی دەستی خۆی دەکا.

لە ناکاو سەرۆکی نووسینگە (مسیۆ ژاکی) کە بەدیار کۆمپیوتەرەکەوە دانیشتووە، تەلەفۆن هەڵدەگرێ. ژن و پیاوەکانی تر بەپرتاو دەچن گوێ دەگرنە تەلەفۆنەکە.

سەرۆکی نووسینگە (ژاکی):

Non ; il n est toujours pas arrive
Non; non, aucun francais ici ni capture ni terorise.
oui, soyez sur.
Il va arriver certainement[1]

١٥- دەرەوە. نیوەڕۆ. ئاسمانی گوندێکی کوردستان.

چەند هەلیکۆپتەرێکی هاوپەیمان و ئەمەریکاییەکان سەربازەکانی خۆیان بە پەڕەشووت فڕێ دەدەنەوە خوارەوە.

دەنگی فڕۆکە و هەلیکۆپتەر.

لەسەر زەوی هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمان خۆیان ئامادە دەکەن بۆ کۆنترۆڵکردنی کوردستان دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام.

---

(١) سەرۆکی نووسینگە (ژاکی):

نا؛ تاکو ئێستا نەگەیشتووە. نەخێر، هیچ فەرەنسییەک نەگیراوە و تیرۆر نەکراوە. دڵنیاتان دەکەمەوە. هەڵبەتا، دەبێ بەم زووانە بگات. خەمتان نەبێ!

تاک تاک ڕۆژنامەنووس و سەرباز لە پەڕەشووتی هەلیکۆپتەرەوە دەگەنە سەر زەوی. مێگەل دەترسن و بڵاو دەبنەوە. مەڕومالات هەریەکەی بەلایەکدا بڵاو دەبنەوە. ژن تەنافی ڕستەی جلوبەرگ جێ دەهێڵن و ڕادەکەنە ژوورەوە.

دەنگی گوللە لە دوورەوە دەنگ دەداتەوە.

١٦- ژوورەوە. دەمەوعەسر. نووسینگەی پارێزگاری هەولێر.

پارێزگار، کریستۆف، شەهرەزاد، دانیشتوون.

سەرگەڤازی چەکدارەکان (بەپێوەیە):

گەورەم، لە ئیبراهیم خەلیل درەنگمان بەسەردا هات، لە ئاکریّ توانیمان پەیدای بکەین.

پارێزگاری هەولێر (ڕووەو کچەکە):

ئێمە دەمانەوێ گیان و جەستەی ئەم ڕۆژنامەنووسە فەرەنسییە سەلامەت بمێنێتەوە. پێشتر هەواڵمان پێ گەیشتبوو کە دێتە کوردستان. وابزانم هاتووە چەند ڕیپۆرتاجێک لەبارەی ڕووخانی سەدام بۆ تەلەڤزیۆنەکان ساز بدا؟! ئیدی بۆیە بەباشمان زانی هەر لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوە پارێزگاریی لێ بکەین: نەوەک تیرۆریستەکان دەسدرێژیی بکەنە سەر.

شەهرەزاد بەم قسەیە شاگەشکە دەبێ.

پارێزگاری هەولێر ڕووەو شەهرەزاد:

دەی!.. دەتوانی ئەم قسانەی بۆ بکەیتە فەرەنسی!

شەهرەزاد بە دڵخۆشی و بەچرپەوە قسەکانی بۆ دەکاتە فەرەنسی. کریستۆف دەگەشێتەوە؛ گوڕێکی تازەی بەبەردا دێتەوە:

Ah.. bon![1]

---

(١) کریستۆف:

بەڕاست؟!

پارێزگار ڕووەو شەهرەزاد:

جەنابت دەتوانیت وەکو وەرگێڕ ئەم ماوەیە لەگەڵی بیت؟

شەهرەزاد:

بەمەرجێک ئەگەر هەواڵێک بنێرن بۆ برا گەورەکەم لە ئاکرێ کە من لە هەولێرم.

پارێزگار:

باش. بۆ هەر ڕۆژێکیش (١٠٠) دۆلارت دەدەینێ لە پاداشتی ئەوەی کە وەک تەرجومان لەگەڵی دەبیت.

لێی بپرسە ئاخۆ بۆ ئەنجامدانی ڕیپۆرتاجەکانی دەیەوێ بچێتە کام شوێن؟...

پشتمێری دەوێ لەگەڵی بنێرین؟

شەهرەزاد و کریستۆف قسە دەکەن.

شەهرەزاد:

دەڵێ «نەخێر پشتمێرم پێویست نییە». دەیەوێ بچێتە لای بیارە، پاشانیش کەرکووک ئنجا دێتەوە هەولێر.

پارێزگار:

جێبێک و شوفێرێکی چەکداریشی لەگەڵ دەنێرین. وا باشترە.

شەهرەزاد سەر لە بناگوێی کریستۆف دەنێ، بۆی تەرجومە دەکا.

پارێزگار جگەرەیەکی دەرهێناوە و بەدوای چەرخەکەیدا دەگەڕێ، نایدۆزێتەوە. کریستۆف چەرخەکەی خۆی بۆ درێژ دەکات و بۆی دادەگیرسێنێ. پارێزگار جگەرە بە ئاگری چەرخەکەی کریستۆف پێ دەکا.

پارێزگار ڕووەو شەهرەزاد:

پێی بڵێ «سوپاسی دەکەم»

شەهرەزاد زەردەخەنەیەک بۆ پارێزگار دەکات وەک بڵێی بەپێویستی

نەزانێ ئەم شتە سادەیەی بۆ تەرجومە بکا.

کریستۆف:

que est-ce qu il a dit?[1]

شەهرەزاد:

Il m a dit qu il vous remercie pour votre briquet[2]

پارێزگار:

ئەمە گوتی چی؟

کچەکە:

لێمی پرسی کە تۆ تازە چیمت لێ پرسی. منیش پێم گوت کە هیچ نەبوو؛ مەسەلەی سوپاسکردنی تۆ بوو بۆ چەرخەکەی ئەو.

کریستۆف:

Que est- ce qu il dit?[3]

کچەکە:

Rien. C etait toujours consernant le remerciement pour votre briquet[4]

---

(١) کریستۆف:

جەنابی پارێزگار چی گوت؟

(٢) شەهرەزاد:

پێی گوتم کە سوپاست دەکا بۆ چەرخەکەت.

(٣) کریستۆف:

چ دەڵێ؟

(٤) کچەکە:

هیچ. لێمی پرسی کە تۆ تازە چیمت لێ پرسی. منیش پێم گوت کە هیچ نەبوو؛ مەسەلەی سوپاسکردنەکە بوو.

پارێزگار:

ئەدی ئەمجارە گوتی چی؟

شەهرەزاد:

هیچ نەبوو. لێمی پرسی کە تۆ تازە چیت لە من پرسی، منیش پێم گوت کە تۆ پرسیارت لێم کردووە لەبارەی ئەوەی کە ئەو پێشتر چیی لە من پرسیبوو. منیش پێم گوت کە تۆ سوپاسیت کردووە بۆ چەرخەکەی.

کریستۆف:

Alors.. qu est - ce qu il dit?(1)

شەهرەزاد:

Puff.. la meme chose.(2)

پارێزگار:

چییە ئەوە؟ بۆچی تووڕەتی کرد؟ چ دەڵێ؟

شەهرەزاد پێ دەکەنێ و نازانێ چی بکا؟

کریستۆف:

Qu est-ce qu il ya? qu est-ce qu il dit?(3)

شەهرەزاد:

ئۆڵ لە لا.. هیچ.. Rien

پارێزگار و کریستۆف بەحەپەساوییەوە تەماشای یەکتر دەکەن و زەردەخەنەیەک دەیانگرێ.

---

(١) کریستۆف:

ئەدی ئەمجارە چیی گوت؟

(٢) شەهرەزاد:

پاااا هـ.. هەمان شت بوو.

(٣) کریستۆف:

چییە ئەمە؟ چ دەڵێ؟

١٧- دەرەوە. دەمەوعەسر. لە ئاسمانی سافی سەر گوندێکی کوێستانییەوە پەڕەشووتێک دەکرێتەوە و هێدی هێدی دادەبەزێتە خوارەوە.

١٨- سپێدەیەکی زوو. ژوورەوە. ناو جێب.

شوفێرێکی زۆربلێ جێبەکە داژوا. شەهرەزاد لە پێشەوە دانیشتووە. کریستۆف لە دواوە کتێبی (ئەلفوبێ)ی کوردی دەخوێنێتەوە و لەبەر خۆیەوە حەرف و وشە کوردییەکان حونجە دەکات و پاشان لە پەنجەرەوە تەماشای دیمەنەکانی سروشت دەکا. کریستۆف چەند کەرێک دەبینێ باریان گواستووەتەوە.

شوفێرەکە:

پێی بلێ «کەر» لە ولاتی ئێمە زۆرە.

شەهرەزاد:

Il dit que chez nous on utilise beaucoup les animaux(1)

کریستۆف (بیر دەکاتەوە):

C est parce que vous avez tres peu de technologie.(2)

١٩- دەرەوە. دەمەوعەسر. ناو کوێستانەکە.

ڕەوە ئەسپ لە چەم دێنە دەرەوە و دەحیلێنن. دەنگی پێی ئەسپەکان و مەیتەرەکە قالە قۆز بێدار دەکەنەوە.

٢٠- ناو جێبەکە. شەهرەزاد:

Tu sais Christophe, hiere soire j ai vu un reve tres ridicule?(3)

---

(١) شەهرەزاد:

دەڵێ «لە ولاتی ئێمە حەیوانات زۆر بەکار دێنین».

(٢) کریستۆف (بیر دەکاتەوە):

ئەمە چونکە ئێوە ئامێر و تەکنۆلۆجیاتان زۆر کەم هەیە.

(٣) شەهرەزاد:

دەزانی کریستۆف، دوێنێ خەونێکی زۆر سەیرم دیت.

کریستۆف:

Tu a reve de quoi?[1]

شەهرەزاد:

Une soldate Americaine parachoutee, tombee de ciel dans les bras d un paysan Kurde.[2]

کریستۆف:

Ah, bon! Quel reve![3]

شوفێرەکە:

پێی بڵێ «کەممان ماوە بگەینە جێ».

٢١- دەرەوە. دەمەوعەسر. ئاسمان.

پەڕەشووتەکە ژنێکی چەکداری ئەمەریکاییە، ئارام ئارام خەریکە دەکەوێتە ناو گوندەکە.

سەربازە ژنە ئەمەریکییەکە بەخۆی و پەڕەشووتەکەی دەکەوێتە سەر زەوی و پاشان خۆی پێ ناگیرێتەوە؛ دەکەوێتە ناو باوەشی قالە قۆز کە لە حەوشەی ماڵەکەی خۆیدا پاڵی داوەتەوە. قالە قۆز دەحەپەسێ و خەنی دەبێ.

٢٢- ناو جێبەکە. گەیشتوونەتە ناو گوندێک.

شوفێری جێبەکە سووکان دەشکێنێتەوە و ڕای دەگرێ:

---

(١) کریستۆف:

خەونی چیت دیت؟

(٢) شەهرەزاد:

لە خەونمدا سەربازێکی ژنی ئەمەریکایی لە ئاسمانەوە کەوتە ناو باوەشی پیاوێکی کورد، پیاوەکە جووتیار بوو.

(٣) کریستۆف:

بەڕاست! چ خەونێکی عەنتیکە!

پێی بڵێ «گەیشتین».

٢٣- عەنکاوە؛ نووسینگەی ڕێکخراوی فەرەنسییەکان.

فەرمانبەرە ژن و پیاوە فەرەنسییەکان.

بەرپرسی نووسینگەکە (مسیۆ ژاکی) بە تەلەفۆن قسە دەکا:

Oui, Il est parti aujourd hui vers Byare. Christophe CLAUDEL, Il a bien commence son travail. Oui.(1)

٢٤- سەربازە ژنە ئەمەریکییەکە لە باوەشی قالە قۆز، دەیەوێ خۆی لە دەستی قالە قۆز ڕابپسکێنێ.

قالە قۆز جارجار دەست بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە زوو زوو ژنە ئەمەریکییەکە دەکاتەوە باوەش:

سوپاس بۆ تۆ ئەی خوای میهرەبان!

وحور عین کامثال اللؤلؤ المکنون!

سەربازە ژنە ئەمەریکییەکە، هەندێ شوێنی ڕووت، خۆی لە دەستی ڕاپسکاندووە و لەوبەر سڵەماوە، زەندەقی چووە.

قالە قۆز:

تۆ حۆریی خوایت و خوا تۆی بۆ من ناردووەتە ئێرە. بۆچی لە دەستم ڕادەکەی. بۆچی ڕادەکەی خۆشەویستەکەم؟

ژنە ئەمەریکییەکە دەترسێ. لوولەی کلاشینکۆفەکەی لە قالە قۆز کردووە.

قالە قۆز:

ئەم کلاشنکۆفە چییە پێت؟ ئای..؟! حۆری کلاشینکۆفیشیان هەیە؟!

---

(١) مسیۆ ژاکی:

بەڵێ. ئەمرۆ ڕۆیشت بۆ (بیارە). کریستۆف کلۆدێل. لێرەیە و دەستی بەکار کرد. بەڵێ.

خـــوا لـەو ئاســـمـــانـەوە تۆی بۆ مـن ناردووە.. ســـەرپێـــچی لـە فەرمایشتەکانی خوا دەکەی؟

ژنە ئەمەریکییە سەربازەکە تێی ناگا، زەندەقی چووە، لوولەی کلاشینکۆفەی لە قالە قۆز ڕاگرتووە.

٢٥- دەرەوە. سەر گردێکی کەسک. پێش نیوەڕۆ.

شەهرەزاد و کریستۆف لەسەر گردەکە ڕاوەستاون، تەماشای گوندێکی قەدپاڵ شاخێک دەکەن.

سروشتێکی پانوپۆڕی جوانی کوردستان.

شوفێرەکە:

پێی بڵێ ئەمەیە گوندی خێڵی حەمە.

لێرە بوو ئیسلامییەکان دەیان کوردی بێ گوناحیان سەر بڕی.

ئەوبەریش گوندی بیارەیە، لەودیو بیارەشەوە ئەو گوندەیە کە زەرقاوی ماوەیەک خۆی تێدا شاردبووەوە. پێی بڵێ نەترسێ؛ ئیسلامییەکان لێرە نەماون. زۆر تاک و تەرا پەیدا دەبن و ڕۆژنامەنووسە بیانییەکان بە ڕەهن دەبەن. تا پارەیان نەدەنێ نایاندەنەوە. با بڕۆین.

لە گردەکەوە هەرسێکیان دادەبەزنە خوارەوە.

شەهرەزاد تەرجەمەی قسەکان بۆ کریستۆف دەکا.

کریستۆف:

Est- ce qu on peu interoger les gens.. les villageois ici?(1)

شەهرەزاد:

Bien sur.·(2)

---

(١) کریستۆف:

دەتوانین پرسیار لە خەڵک بکەین؟ خەڵکە لادێیەکان بدوێنین؟

(٢) شەهرەزاد:

بێگومان.

٢٦- دەرەوە. پێش نیوەڕۆ. گوندی بیارە.

لە نزیک چایخانەیەک، کریستۆف مایکی تۆمارکردنی دەنگی بۆ خەڵکەکە ڕاگرتووە.

پیاوێکی گوندەکە:

ئێرە بوو کە ئەمەریکا بۆمبارانی کرد.

شەهرەزاد:

بۆچی؟

پیاوێکی تری گوند:

چونکە ئیسلامییەکانی لێ بوو. پاکی کردنەوە. هیچی نەهێشتن.

کریستۆف پرسیارەکان دەڵێتە شەهرەزاد.

شەهرەزاد:

دوای ڕووخانیماڵەکانتان، ئەمەریکا هیچ تەعویزێکی دایە ئێوە؟

هەمان پیاوی یەکەم:

هیچ؛ یەک فلس. تاکو ئێستا هەر چاوەڕێین. هیچ نەهاتووە.

پیاوێکی تر:

لەوەتەی عێراق لە دەست سەدام ڕزگاری بووە، تەنانەت ناتوانین زرعاتی خۆشمان بکەین، ناتوانین بەروبوومەکانی خۆشمان بچێنین.

شەهرەزاد:

بۆچی؟

ژنێک:

حکوومەتی کوردستان پیاومانی هەمووی کردووەتە پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە. هەموویان ڕوویان کردووەتە شار.

شەهرەزاد:

بۆچی؟

ژنێکی تر:

نە کارەبا، نە خەستەخانە، نە مەکتەب.. ئەدی چی بکەن؟ هەموویان بوونەتە مووچەخۆری حکوومەت؛ ناتوانن هیچ زرِعاتێک و ئیشێک بکەن.

پیاوێکی تر:

جووتیار تەراکتۆری نەبێ، بانقی کشتوکاڵی نەبێ کە پارەی لێ بە قەرز وەربگرین.. زرِعات بەچی دەکرێ؟ چۆن!؟

شەهرەزاد:

ئەم ماستە خۆتان دروستی دەکەن؟

ژنێک:

خۆمانی چی؟ ئێرانییە.

شەهرەزاد:

ئەدی ئەم پەنیرە؟

پیاوێکی تر:

لە تورکیاوە دێ.

شەهرەزاد:

ئەدی ئەم هەنگوینە؟

پیاوێکی تر:

لە سعوودیەوە.

ژنەکە:

بە خوا تەماتە و تووریش.. سەیرکە! ئەم توور و تەماتانەش هەر لە سووریاوە دێن. هیچمان هیچی خۆمان نین.

پیاوێک:

کوردستان بووەتە بازاڕێک بۆ تورکیا و ئێران و سعوودیە و سووریا..

هەمان ژن:

پیاویان نەهێشتین. هەموویان بوونەتە پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە و مووچەخۆر.

شەهرەزاد:

ئەدی ئەو هەموو جووتیارەی جاران!؟

ژنەکە:

چوونەتە شار، سەریان هەڵگرتووە بەرەو سلێمانی.. هەولێر.

شەهرەزاد:

بۆچی؟

ژنەکە:

تۆ کارەبات نەبێ، قوتابخانەت نەبێ، خەستەخانەت نەبێ، زرعات و ئیشت نەمێنێ.. چ مەجبوور دەبیت هەر لێرە بمێنیتەوە؟

کریستۆف:

Demandes ce Monsieur: est-ce qu il ya une Maternite ici?(1)

قیژەیەک، قیژەی ژنێک. پاشان دەنگی کلاشینکۆف. پۆلێک کۆتر لە شەقەی باڵ دەدەن بەسەر درەختەکانەوە: بە ئاسمانی ئازاددا جوان جوان باڵ لێک دەدەن.

٢٧- دەرەوە. دەمەوعەسر. دیمەنێکی ناو گوندەکە.

پێنج شەش پیاوی گوندەکە ژنە ئەمەریکییەکەیان داڵدە داوە، داویانەتە پشت خۆیان.

چەند ژنێک چمکی کراسەکەی خۆیان لە دەم گرتووە و تەماشای دۆخەکە دەکەن.

---

(١) کریستۆف:

لەم پیاوە بپرسە «لەم ناوچەیەی ئێوە، خەستەخانەی ویلادە» هەیە؟

قاله قۆز به جلوبەرگێکی پاک و تازەی کوردییەوە پەڕەمووچێکی تاووسی له کڵاوەکەی خۆی داوە، بەتەنیا لەوبەر بەرامبەریان ڕاوەستاوە. بەتاسووقەوە تەماشای ژنە ئەمەریکییەکە: حورٌ مقصوراتٌ في الخيام.

کریستۆف و شەهرەزاد و چەند کەسێکی تر بە ڕاکردن دەگەنە لایان: واق وڕماو تەماشای دۆخەکە دەکەن.

قاله قۆز:

کاکە ئەم ژنە حۆریی خوایە، خوا لە ئاسمانەوە بۆ منی ناردووە و کەوتە باوەشم. خوا بۆ منی ناردووە. ئێوە چ کارێکتان بەسەریەوە هەس؟

پیاوێکی لادێیی کە ژنە ئەمەریکییەکەی داڵدە داوە:

قاله قۆز حۆریی خوای چی؟ ئەمە عەسکەری ئەمەریکایە.

قاله قۆز:

عەسکەری ئەمەریکا چەس؟ عەسکەری ئەمەریکا بەم عاسمانەوە؟!

پیاوەکە:

عەسکەری ئەمەریکایە، بەپەڕەشووت دابەزیوەتە خوار بۆ ئەوەی ئێمە بپارێزێ.

تۆ بۆچی تێ ناگەی.. عەسکەری ئەمەریکایە.

٢٨- دەرەوە. ناو دارستانێکی نزیک ماڵی قاله قۆز.

سێ چەکداری ڕیشنی ئیسلامی بەدزییەوە بەرەو لای قەرەباڵغییەکە دەچن و خۆیان دانوساندووە.

٢٩- دەرەوە. هەمان دیمەنی پێشتری ناو گوندەکە.

قاله قۆز:

یەعنی ئەم ژنە.. ئەمەریکاییە؟

پیاوەکە:

ئەی! ئەمەریکاییە.

قاله قۆز:

ئەی کە ئەمەریکاییە؛ بۆچی ئەرزاقی پێ نییە؟

پیاوەکە:

ئەم نەوعە تەنیا کلاشینکۆفیان پێیە، مامە قالە!

کریستۆف و شەهرەزاد دەگەنە لای ژنە سەربازە ئەمەریکییەکە کە لە پشت پیاوەکانەوە دالّدە دراوە.

قاله قۆز:

خۆشیتان بێ و ترشیتان بێ، دەبێ هەر ئێستا مەلایەک بانگ بکەن و لە منی مارە بکەن! ئەم ژنە ئەمەریکاییە حەلاڵی خۆمە و دەبێ ئیللا ببێ وە ژنم. حۆریی خوایە و خودان تەعالا لە ئاسمانەوە بۆ منی ناردووە. لە ئاسمانەوە هات و کەفتە باوەش خۆم. تەواو.

شەهرەزاد:

Voila ce que j ai vu dans mon reve[(1)]

کریستۆف ڕووەو ژنە ئەمەریکییەکە:

What is going on here?[(2)]

سەربازە ژنە ئەمەریکاییەکە:

I am just coming down by parachout, infortunetly in the house of this man. And he says that i am Hori. He likes to marie me.[(3)]

---

(١) شەهرەزاد:

ئەمەتا ئەو خەونەی دیبووم.

(٢) کریستۆف:

ئەمە لێرە چی قەوماوە؟

(٣) سەربازە ژنە ئەمەریکاییەکە:

من بەپەڕەشووت دابەزیومەتە ئێرە، کەچی ئەم پیاوە بەپیرمەوە هاتووە و منی لێ بووە بەحۆری، داوا دەکا کە من بکات بە ژنی خۆی.

کریستۆف سەرسام تەماشایەکی شەهرەزاد دەکات و بیر دەکاتەوە.
شەهرەزادیش تەماشای دەکا.
کریستۆف ڕوو دەکاتە شەهرەزاد:

Tu es une magisien ou quoi!?(1)

٣٠- دەرەوە. ناو دارستانێکی نزیک ماڵی قالە قۆز.

سێ چەکداری ڕیشنی ئیسلامی بەدزییەوە لە قەرەباڵغییەکە نزیک دەکەونەوە. (کانهن الیاقوت والمرجان).

٣١- دەرەوە. هەمان دیمەنی پێشتری ناو گوندەکە.

قالە قۆز:

لاچۆن ئیتر! بمدەنەوە..! حۆرییە و خودان تەعالا لە ئاسمانەوە بۆی ناردووم.

کریستۆف و شەهرەزاد لە سەربازە ژنەکە دوور دەکەونەوە.

قالە قۆز:

دەی مام کوێخا بڕۆ مەلایەک بانگ بکە و ناوی خوای لێ بێنن..

سێ چەکدارە ئیسلامییەکە بەدزییەوە هورووژم دەبەنە سەر ژنە سەربازە ئەمەریکییەکە، یەکێکیان قۆڵبەستی دەکات و دەیبا. دووانەکەی تریش تەقە و دەسڕێژ بە حەواوە دەکەن. خەڵکەکە دەترسن و بە هاوار هاوار پەرتەی لێ دەکەن.

چەکدارە ئیسلامییەکان ژنە ئەمەریکییەکە دەڕفێنن.

یەکێک لە چەکدارە ئیسلامییەکان بەقۆنداغی کلاشینکۆفەکەی، دەکەوێتە سەر قالە قۆز و دەیخا.

٣٢- دەرەوە. ژیانی ناو بیارە و خورماڵ و گوندەکانی تر.

---

(١) کریستۆف ڕوو دەکاتە شەهرەزاد:

تۆ.. چییە.. ساحیریت؟

کریستۆف و شەهرەزاد سەرقاڵی کاری ڕۆژنامەنووسیی خۆیانن.
هەردووکیان ئاسوودە و ڕێک و تەبا، بوونەتە برادەر.
شوفێرەکە جارێک تەماشایان دەکات و غیرەیان لێ دەکا.

٣٣- دەرەوە. ئێوارە. هاوینەهەواری ئەحمەدئاوا.
خوڕەی ئاوە بەقەڵبەزەکەی ئەحمەدئاوا، سەر تا خوار.
منداڵ و گەنج و پیر، ژن و پیاو هاتوونەتە سەیران: گۆرانی؛ گۆشت برژاندن؛ وێنەگرتن؛ پاڵدانەوە؛ مەلەکردن؛ شەڕەئاو؛ سیحربازی؛ بازاڕ؛ گەمەکردن. ئاڵای کوردستان.
کریستۆف و شەهرەزاد پێکەوەن.
ژنە قەرەجێکی فرۆشیاری گەڕۆک ڕێگەیان پێ دەگرێ، چاو بە کل، کەزی شۆڕ، جلوبەرگ ڕەنگین، چەناگەکوتراو، توورەگەیەکی گەورەی گولینگەداری بەشانەوە، تەبەقێکی پانوپۆڕی دارین بە پەتێکی ڕەنگینەوە لەملا و لەولای ملی؛ پێشانیان دەدا: هەموو جۆرێک ملوانکە و ئەنگوستیلە و بازن و توحفە و کەلوپەل و داوودەرمانی عەنتیکەی لەسەر داندراوە.
ژنە قەرەج کەرەستەکانی خۆی (ئەوانی ناو توورەگەکە و ئەوانی ناو تەبەقەکە) بۆ فرۆشتن دەخوێنێتەوە:

کلکە ڕێوی، کەڵبەی گەوزەن، چاوی گورگ، سپڵی کەر، لوولاقی حوشتر، پەڕی تاووس، هێلکەی گونی شێر، زمانی سەگ، شیری کەر، چاوی مار، نینۆکی پڵنگ، پێستی سمۆرە، قوزە کەمتیار..

شەهرەزاد:

ئەیەڕۆ..؟!

ژنە قەرەج:

ئەمانە هەمووی هەر یەکێکیان بۆ مرازێک بەکار دێن، یانیش دەرمانن بۆ چاکبوونەوەی جۆرە نەخۆشییەک.

هانێ تۆ ئەم پەڕە تاووسە بۆ ئەم خۆشەویستەت بکڕە.. بۆ ئەوە باشە

زیاتر خۆشی بوویێت!

شەهرەزاد:

من لەگەڵی کار دەکەم؛ خۆشەویستی من نییە. فەرەنسییە.

کریستۆف:

Qu est- ce qu elle dit?(1)

ژنە قەرەج:

دە باشە بۆ ماڵەوەی خۆتان. ئەمە پەڕی سیسارکە کەچەڵ، لە هەر ماڵێکدا بیسووتێنیت، هەر جرِ و جانەوەرێکی زیاندار لەو ماڵە هەبێ، هەموویان هەڵدێن!

ئەمەش شاخی گایە، ئەگەر بیسووتێنیت و تێکەڵ بە خواردنی بکەیت و بیدەیتە ئەو نەخۆشەی کە سێبەرِۆی گرتووە ئەوا سێبەرِۆکەی لە کۆڵ دەکەوێ.

ئەمەش مۆخی لوولاقی حوشترە بۆ ئەو ژنانەی منداڵانیان نابێ.. ئەگەر ژنی نەزۆک ئەم مۆخی لوولاقی حوشترە لە هەندێک لۆکە یان خوری بپێچێت و لە پاش پاکبوونەوەی حەیز، سێ رِۆژ ئەو شافە لە خۆیدا هەڵبگرێت و پاشان لەگەڵ مێردەکەی پێکەوە جووت بن.. سکی پرِ دەبێ! ناتەوێ؟

هیچ ژنێکی نەزۆک ناناسی بۆی ببەیتەوە؟

ئەمەش هەزبیە و مەرزەیە بۆ ئەو کەسانەی هەزارپێ دەچێتە ناو گوێیانەوە.. لەگەڵ ئاڵەت و زەردەچەوە پێکەوە دەیکوتن و دەیسوون، ئەمجا لەگەڵ گۆشت دەیکوتن و پانی دەکەنەوە و دەیخەنە سەر ئەو گوێیەی کە هەزارپێیەکەی تێ چووە. بەبۆنی ئەمانەوە ئیتر هەزارپێیەکە دێتە دەرەوە.

---

(١) کریستۆف:

ئەوە چ دەڵێ؟

کریستۆف:

Mais qu est- ce que c est que tout ca?[1]

Raconte - moi! Qu est-ce qu elle dit?

شەهرەزاد لە ژنە قەرەجەکەوە ملوانکەیەک دەکڕێت و دەیکاتە ملی کریستۆف:

C est le dent de renard[2]

کریستۆف:

C est vrai!?[3]

شەهرەزاد:

Il te protege et porte le bonheur.[4]

کریستۆف دەیەوێ باوەشی پێدا بکات و ماچی بکا. شەهرەزاد ناهێڵێت و قبووڵی ناکا. بە تووتەپەنجەی پێی دەڵێ «نابێ».

کریستۆف تەماشای ملوانکەکەی دەکا. ژنە قەرەجەکەش قسە لەگەڵ شەهرەزاد دەکا لەبارەی کریستۆفەوە.

کریستۆف لە ناکاو هەست دەکا کە ژنە قەرەج باسی کریستۆف بۆ شەهرەزاد دەکا. لە شەهرەزاد دەپرسێ:

---

(١) کریستۆف:

ئەوە چییە؟ پێم بڵێ ئەو ژنە چ دەڵێ؟

شەهرەزاد لە ژنە قەرەجەکەوە ملوانکەیەک دەکڕێت و دەیکاتە ملی

(٢) کریستۆف:

ئەمە ددانە ڕێوییە.

(٣) کریستۆف:

بەڕاست؟

(٤) شەهرەزاد:

دەتپارێزێ و وات لێ دەکا بەخت ڕووت تێ بکا.

Je croi qu elle parle de moi! Non?(1)

کریستۆف:

Si. Elle me prends pour ton fiance.(2)

کریستۆف:

A la la.. quelle bonheure!(3)

هەردووکیان پێ دەکەنن، پێکەنینیان تێکەڵ بە خوڕەی ئاوە بەقەڵبەزەکەی ئەحمەدئاوا دەبێ.

منداڵ و گەنج و پیر، ژن و پیاو لە سەیرانن: گۆرانی؛ ئاگربازی، شەڕەئاو؛ سیحربازی؛ گەمەکردن.

کریستۆف بە کامێرا ڤیدیۆییەکەی وێنەی ئەو دەوروبەرە دەگرێ.

کریستۆف کامێراکەی لەسەر مێزەکە دادەنێ و بەرامبەر شەهرەزاد دادەنیشێ.

کریستۆف:

Voila, le troisiem jour au Kurdistan; plein de travail.(4)

شەهرەزاد ناولەپی کریستۆف دەگرێت و تەماشای ناولەپی دەکا؛ دەیەوێ دەستی بۆ بخوێنێتەوە.

---

(١) کریستۆف لە شەهرەزاد دەپرسێ:

وابزانم ئەو ژنە باسی من دەکا. وا نییە؟

(٢) کریستۆف:

با. ئەو وا دەزانێ کە من دەزگیرانی تۆم.

(٣) کریستۆف:

ئاه! خۆزگە وابووایە.

(٤) کریستۆف:

ئەمەتا، ڕۆژی سێیەمە لە کوردستانم و بەردەوام سەرگەرمی کارم.

کریستۆف:

Alors, dites moi: qu est-ce que va se passer la semaine prochaine dans ma vie?(1)

شــەهرەزاد پەنجــەی لەســەر گـۆشــەیەکی ناولەپی کــریســتــۆف داناوە و زەردەخەنەیەکی بۆ دەکات. پاشان وەک ئەوەی هەواڵێکی بداتێ، بەپێکەنینەوە:

Ah! .. Tu vas perdre ton passeporte!(2)

کریستۆف دەست دەکاتە پێکەنین. بەهەمان شێوە شەهرەزادیش.

کـریســتـۆف لە ناو پێکەنینەکـەدا دەیەوێ شــەهرەزاد لە باوەش بکا.

شەهرەزاد خۆی لێی دوور دەخاتەوە.

کریستۆف ناولەپی خۆی بۆی درێژ دەکاتەوە:

Raconte moi ce que tu vois dans ma main..!(3)

شەهرەزاد تەماشای ناولەپی کریستۆف دەکات و بە خۆشەویستییەوە ناولەپی دەخوێنێتەوە:

Tu es coince, Christophe. Tu n es pas content dans ta vie.(4)

کریستۆف:

C est vrais.(5)

---

(١) کریستۆف:

پێم بڵێ.. هەفتەی داهاتوو چ شتێکی تازە لە ژیانمدا ڕوو دەدا؟

(٢) شەهرەزاد بەپێکەنینەوە:

ئەه.. تۆ پەساپۆڕتەکەت بزر دەکەی!

(٣) کریستۆف:

پێم بڵێ.. تۆ چی لە ناولەپی مندا دەبینی؟

(٤) شەهرەزاد:

تۆ ئابڵووقە دراویت، کریستۆف؛ تۆ بەختەوەر نیت لە ژیانی خۆتدا.

(٥) کریستۆف:

ڕاستە.

شەهرەزاد:

Tu as tous les moyens et tout ce qui sont necessaires pour vivre, sauf l amoure, la vrai amoure.(1)

کریستۆف:

Ah, bon.(2)

شەهرەزاد (پێ دەکەنێ):

Comme Les Etates - Unis.(3)

کریستۆف (پێ دەکەنێ):

Comme l Europe aussi.(4)

شەهرەزاد:

Mais toi, tu as une chance quand meme.

Regarde! tu es sur une route qu elle t ammene vers le bonheure, vers une vrais amoure. Tu vois?(5)

---

(١) شەهرەزاد:

تۆ هەموو شتێکت هەیە، هەموو ئەو شتانەت هەیە کە لە ژیاندا دڵت پێی خۆش ببێ: تەنیا خۆشەویستیت نوقسانە، خۆشەویستیی ڕاستەقینە!

(٢) کریستۆف:

بەڕاست؟

(٣) شەهرەزاد (پێ دەکەنێ):

وەک ئەمەریکا.

(٤) کریستۆف (پێ دەکەنێ):

وەک ئەوروپاش.

(٥) شەهرەزاد:

بەڵام لە هەمان کاتدا دەرگای بەختت کراوەیە. ها! تەماشاکە: تۆ لەسەر ڕێگەیەکدایت کە بەرەو بەختەوەری دەڕوا، بەرەو خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە. دەبینی.. ڕێگەکە؟!

کریستۆف:

Dites - moi ! Tu m avait dit que...[1]

پیاوێکی گەنجی جەنتڵمان لەسەر سەری هەردووکیان ڕاوەستاوە. برای شەهرەزادە:

شەهرەزاد..!

شەهرەزاد ڕادەچڵەکێ و دەستی کریستۆف بەردەدا.

برای شەهرەزاد:

سێ ڕۆژە بەدوای تۆدا دەگەڕێم.

شەهرەزاد:

هەواڵم بۆتان نارد کە من لێرە بوومەتە تەرجومان. هەواڵەکەتان پێ نەگەیشت؟

برای شەهرەزاد:

لەوێ کارێکی ترم بۆت دۆزیوەتەوە، هەستە!

شەهرەزاد هەڵدەستێتەوە.

برای شەهرەزاد بە زەردەخەنەیەک داوای لێبووردن لە کریستۆف دەکات و لەگەڵ شەهرەزاد دەڕۆن.

شەهرەزاد دەگەڕێتەوە لای کریستۆف بۆ ئەوەی تەنیا پێی بڵێ:

Il faut que je pars. Desolee. Et bon Chance...[2]

کریستۆف سەرسام بیر دەکاتەوە.

٣٤- ناو جێب. نیوەڕۆ. هیچ کەسێک لە پێشەوە لە تەنیشت شوفێرەکە نییە.

---

(١) کریستۆف:

پێم بڵێ.. تۆ گوتت کە...

(٢) شەهرەزاد:

من دەبێ بڕۆم. بەداخەوەم. بەختێکی باشت بۆ دەخوازم.

وەرگێڕی تازەی کریستۆف (مامۆستا ڕێبوار) لە پشتەوە لە تەنیشت کریستۆف دانیشتووە؛ وانەی کوردیی پێ دەڵێتەوە و فێری کوردیی دەکا.

هەردووکیان کتێب و دەفتەر و پێنووس بەدەستەوە، سەرقاڵی مەشقی زمانی کوردین.

مامۆستا ڕێبوار (لەسەرخۆ):

براقۆ. تۆ ئەگەر ئاوها بەردەوام بیت، مانگێکی تر دەتوانی دەست بە خوێندنەوەی کتێبێکی کوردی بکەیت؟!

کریستۆف:

بەڕاست؟

٣٥- دەرەوە. نیوەڕۆ. جێبەکەیان بە تیژییەوە تێپەڕ دەبێ.

لەسەر شەقامەکە، لەسەر تابلۆیەک نووسراوە: (بەخێر بێن بۆ کەرکووک).

٣٦- ژوورەوە. شەو. نووسینگەی ڕێکخراوی فەرەنسییەکان لە عەنکاوە.

کریستۆف لەسەر کۆمپیوتەر کار دەکات و تەماشای ئەو دیمەنانە دەکا کە پێشتر لە کەرکووک و سلێمانی و دهۆک بەدەم دواندنی خەڵک و چاوپێکەوتن لەگەڵ خەڵک گرتوونی. ڕایان وەردەگرێت. فیلمەکان بێدەنگ لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەوە تەماشا دەکا:

کارکردنی خەڵک لە کارگە و ناو بازاڕەکانی کەرکووک.

ژیانی خەڵک لە هاوینەهەوارەکانی جوندیان و بێخاڵ.

ژیانی ناو زانکۆ و قوتابخانە و وەزارەتەکان لە سلێمانی.

ژیانی ناو ڕێستورانت و پارک و سەر شۆستە و شەقامەکانی دهۆک.

مۆسیقای ڕەسەنی کوردی بەردەوام دەبیسترێت.

فەرەنسییەکانی تری برادەری کریستۆف بەدەم قاوەخواردنەوە کار دەکەن.

کریستۆف ئەو دیمەنە دیاریکراوە لە فیلمەکەی خۆی دەدۆزێتەوە کە لەگەڵ شەهرەزاد لە ئەحمەدئاوا بوون.

ژاکی، بەرپرسی نووسینگەی ڕێکخراوەکەی کریستۆف:

C est elle qui avait prevu le pert de ton pass. Non?(1)

کریستۆف:

Mon X interprete. Oui.(2)

ژاکی:

Elle ressemble vachement a une magiciene.(3)

٣٧- دەرەوە. ئێوارە. شاری ئاکرێ. (سالۆن شەهرەزاد).

٣٨- ژوورەوە. ناو سالۆنی شەهرەزاد، کە سالۆنێکی پانوپۆڕ و کەشخەیە.

دوو کورسیی ڕازاندنەوەی ئافرەتان کە کچێک و ژنێک لەسەری دانیشتوون. ژنێکیش لەوبەر چاوەڕێ دەکا.

شەهرەزاد سەرقاڵی ڕازاندنەوە و ڕێکخستنی پرچی ژنێکە.

ژنەکە:

ڕەببی دەستت خۆش بێ کە تۆ ئەم سالۆنەت لێرە کردەوە شەهرەزاد خانم. ژنی ئاکرێ حەسانەوە.

کچە شاگردی شەهرەزاد:

دەیەوێ سالۆنەکەی بگوازێتەوە هەولێر.

ژنەکە:

ویش.. بەڕاستیتە؟

---

(١) ژاکی:

ئەمە ئەو کچەیە کە دەیزانی تۆ پەساپۆڕتەکەت بزر دەکەی؟ وا نییە؟

(٢) کریستۆف:

موتەرجیمەکەی جارانم، بەڵێ.

(٣) ژاکی:

ئنجا بەڕاستی لە ساحیرەیەک دەچێ.

شەهرەزاد بێ ئەوەی قسە بکات:

ئمم.

ژنەکە:

بۆ؟

شەهرەزاد:

ڕۆژی وا هەیە تا ئێوارە دوو کەس نایەتە ئێرە. ئاکرێ شارێکی بچووکە.

شەهرەزاد بۆنێک بەسەر سەروپرچی ژنەکەدا دەپرژێنێ و تێی دەگەیەنێ کە «تەواو». لێی دەپرسێ:

بە دڵتە؟

٣٩- ژوورەوە. شەو. عەنکاوە. نووسینگەی ڕێکخراوی فەرەنسییەکان.

کریستۆف، بیرەیەک لە پێشی، لەسەر کۆمپیوتەر کار دەکات.

فەرەنسییەکانی تری برادەری بەدەم قاوەخواردنەوە کار دەکەن.

لە دەرگە دەدرێ. کریستۆف هەڵدەستێ دەرگە دەکاتەوە. مامۆستا ڕێبوارە.

مامۆستا ڕێبوار:

زوو نەهاتووم؟

کریستۆف:

نا. باشە. بەخێر هاتم.

مامۆستا:

دەبێ بڵێی «بەخێر هاتی» نەک «بەخێر هاتم».

کریستۆف:

ئا... بەخێر هاتی.

هەردووکیان دەچنە ژوورێکەوە. تەختەیەکی سپی بەدیوار هەڵواسراوە.

مامۆستا ماجیک بەدەستەوە. کریستۆف دانیشتووە.

مامۆستا:

دوێنێ باسی جێناوەکانمان کرد. جێناوەکان.. بەبیرتە؟

کریستۆف:

ئا.

مامۆستا:

دەی. جێناوەکان لە زمانی کوردیدا چین؟

کریستۆف:

من. تۆ. ئەو. ئێمە. ئێوە. ئەوان.

مامۆستا:

بڕاڤۆ. ئێستا دیسان هەریەک لەو جێناوانە بخە ڕستەی سادەوە.

کریستۆف:

من... ئازادم.

تۆ ئازادیت دەوێ.

مامۆستا:

ئەو...؟

کریستۆف:

ئەو؟.. من بیری.. ئەو.. دەکەم.

مامۆستا (بە پێکەنینەوە):

تۆ بیری کێ دەکەی؟

کریستۆف:

من؟.. من بیری.. بیری.. شەهرەزاد دەکەم.

مامۆستا:

بڕاڤۆ..

هەردووکیان دەست دەکەنە پێکەنین.

مامۆستا ڕێبوار:

شەهرەزادت خۆش دەوێ، کریستۆف؟

کریستۆف بیر دەکاتەوە و ڕووخساری دادەگیرسێ:

بەڕاستی.. ئا.

بۆیە.. بیری.. دەکەم.

٤٠- ئاسمان. بەیانی. فڕۆکەیەک بەناو ئاسمانێکی سافدا هەڵدەفڕێ.

٤١- ژوورەوە. ناو فڕۆکە.

کریستۆف دەستی بە ددانە ڕێوییە ملوانکەکەی دیاریی شەهرەزادەوە گرتووە و تەماشای دەکا. پاشان لە پەنجەرەی فڕۆکەوە تەماشای خوارەوە دەکا. ئنجا پەساپۆڕتەکەی خۆی دەردێنێ و تەماشای دەکا. لە دڵی خۆیدا قسە دەکا:

Mais comment elle a su que je perdait mon pass?![1]

فلاش باگ: کریستۆف ڕۆژەکەی ئەحمەدئاوای بیر دەکەوێتەوە:

شەهرەزاد لە ژنە قەرەجەکەوە ملوانکەیەک دەکڕێت و دەیکاتە ملی کریستۆف:

C est le dent de renard[2]

کریستۆف:

C est vrai!?[3]

---

(١) کریستۆف:

باشە.. ئەو چۆن توانیی پێشبینیی ئەوە بکا کە من پەساپۆڕتەکەم بزر دەکەم؟!

(٢) شەهرەزاد:

ئەمە ددانە ڕێوییە.

(٣) کریستۆف:

بەڕاست؟

شـەهـرەزاد:

Il te protege et porte le bonheur.(1)

کریسـتـۆف دەیەوێ باوەشـی پێدا بکات و ماچی بـکا. شـەهـرەزاد ناهـێـڵێت و قبووڵی ناکا. بە تووتەپەنجەی پێی دەڵێ «نابێ».

کریسـتـۆف تەمـاشـای ملوانکەکەی دەکا. ژنە قـەرەجـەکەش بەردەوام قـسـە لەگەڵ شـەهـرەزاد دەکات و کریسـتـۆف لە ناکاو هـەسـت دەکا کە ژنە قەرەجـەکە باسـی کریستۆف بۆ شـەهـرەزاد دەکا. لە شـەهـرەزاد دەپرسـێ:

Je croi qu elle parle de moi! Non?(2)

کریسـتـۆف:

Si. Elle me prends pour ton fiance.(3)

کریسـتـۆف:

A la la.. quelle bonheure!(4)

هـەردووکـــیـــان پـێ دەکـــەنن و پـێکـەنیـنیـــان تێکەڵ بـەخـــوڕەی ئاوە بەقەڵبەزەکەی ئەحمەدئاوا دەبێ.

٤٢- دەرەوە. پاش نیوەڕۆ. هەولێر. سەر جادەیەکی ناو گەڕەکێکی خۆش.

شـەهـرەزاد لە تەکسـیـیـەک دێتە خـوارەوە. دوو جانتا بـە دەسـتـیـیـەوە و دەڕوا. لە زەنگی ماڵێک دەدا. ژنێک دەرگەی لێ دەکاتەوە:

---

(١) شـەهـرەزاد:

دەتپارێزێ و وات لێ دەکا بەخت ڕووت تێ بکا.

(٢) کریستۆف لە شـەهـرەزاد دەپرسێ:

وابزانم ئەو ژنە باسـی من دەکا. وا نییە؟

(٣) کریسـتـۆف:

با. ئەو وا دەزانێ کە من دەزگیرانی تۆم.

(٤) کریسـتـۆف:

ئاه! خۆزگە وابووایە.

ویش.. قوربانت.. شەهرەزاد!

کچێ شەهلا.. نەرمین.. وەرن.. ئەوە شەهرەزادی پوورتان گەیشتە جێ. وەرن!

شەهلا و نەرمین بەپەلە و بەدڵخۆشییەوە تێی وەردێن و دوو جانتاکەی لێ وەردەگرن و دەیبەنە ژوورەوە. برایەکی تری شەهرەزاد ئەملا و ئەولای ماچ دەکات و پاشان بە زەردەخەنەوە:

هەموو شتێک ئامادەیە. (سالۆن شەهرەزاد!). بەخێر بێی شەهرە گیان!

٤٣- ئاسمان. بەیانی. فڕۆکەیەک بەناو ئاسمانێکی سافدا دەگەڕێتەوە هەولێر.

کریستۆف دەستی بە ددانە ڕێوییە ملوانکەکەی دیاریی شەهرەزادەوە گرتووە و تەماشای دەکا.

کریستۆف لە پەنجەرەوە تەماشای خوارەوە دەکا: هەولێر لە پەنجەرەی فڕۆکەوە.

٤٤- ژوورەوە. نووسینگەی کریستۆف لە ناو ڕێکخراوی فەرەنسییەکان لە عەنکاوە.

کریستۆف لەسەر ئەنتەرنێت دانیشتووە (بە فەرەنسی دەنووسێ، بە کوردی دەخوێندرێتەوە):

بەڕێز، مسیۆ ڕۆلان، بەڕێوەبەری تەلەڤزیۆنی ئارِ تێ،

من وا چەند ڕۆژێکە کەوتوومەتە کار بۆ ئەنجامدانی ئەو ڕیپۆرتاجەی قەول وابوو لەبارەی هۆکارەکانی جێهێشتنی کوردستان لەلایەن کوردەکانەوە بۆتان بنێرم. زۆر باش فیلمی ئەو حاڵەتانەم گرتووە کە بوونەتە هۆی ئەوەی کە ئەمڕۆ کورد وڵاتی خۆی جێ بهێڵێت و بێت لە ئەوروپا ببێتە پەناهەندە. بەڵێنیشتان دەدەمێ بەردەوام، وەک ڕێک کەوتبووین، هەواڵە گرینگەکانی ئێرەتان بەوێنەوە بۆ بنێرم. بۆ

ئامادەکردنی ڕیپۆرتاجی تریش، پێش وەخت ئاگەدارتان دەکەمەوە.
هەموو شتێک لە جێی خۆیدایە.

پەیامنێری تایبەتیی خۆتان لە هەولێر

کریستۆف کلۆدێل

٤٥- دەرەوە. نیوەڕۆ. بازاڕی شێخەڵڵا. کۆڵانی دۆلارفرۆشەکان.
کەلوپەل و بەروبوومە بیانییەکان.

فرۆشیارێک:

پەنیری تورکی، ماستی ئێرانی، هەنگوینی سعوودی، تەماتەی سووری، برنجی نیوزیلەندی، مریشکی بەڕازیلی.. بە تاک و جوملە. هەرزانمان کرد.

مامۆستا ڕێبواری وەرگێڕی کریستۆف:

کوردستان بەڕاستی بووەتە بازاڕێک بۆ دەوڵەتەکانی دراوسێ. تەماشاکە، کریستۆف!

کریستۆف کامێراکەی ڕاگرتووە و وێنە دەگرێ. لە ناکاو سەری دەباتە بن گوێی ڕێبوار.

ڕێبوار:

مامە، ئەم کاتەت باش.

مامەی دووکاندار:

سەرچاو.

ڕێبوار:

مامە، ئەم ڕۆژنامەنووسە فەرەنسییە دەیەوێ لەوە بکۆڵێتەوە کە بۆچی کورد ئەمڕۆش هەر وڵاتی خۆی جێ دەهێڵێت و دەچێ لە ئەورووپا داوای پەناهەندەیی دەکا.

مامە:

بەڵێ.

ڕێبوار:

لێت دەپرسێ دەڵێ «ئێوە بۆچی هەنگوینی سعوودی و گوێزی تورکی دەفرۆشن کەچی باشترین هەنگوین و گوێز لە وڵاتی خۆتان هەیە؟».

مامە:

ئنجا ئەمە چ پێوەندیی بە مەوزووعەکەوە هەیە؟

ڕێبوار:

باشە، قەیناکە، واز لەمە بێنە. لێت دەپرسێ دەڵێ «ئێوە بۆچی هەنگوینی سعوودی و گوێزی تورکی دەفرۆشن کەچی باشترین هەنگوین و گوێز لە وڵاتی خۆتان هەیە؟».

مامە:

چونکە خەڵکی جووتیار هەموویان هاتوونەتە شار.

ڕێبوار:

بۆچی هاتوونەتە شار؟

مامە:

جووتیار لە گوندەکاندا خەستەخانەیان نەبێ، کتێبخانەیان نەبێ، کارەبایان نەبێ، تراکتۆریان نەبێ، مەکتەبیان بۆ منداڵەکانیان نەبێ.. ئەرێ تۆش بیت.. سەری خۆت هەڵناگریت و نایەیتە ناو شار؟ ئەدی نابینی هەولێر چەند قەرەباڵغ بووە! نابینی چ گرانییەک پەیدا بووە!؟ خانوویەکی بچکۆڵە مانگانەکەی گەیشتووەتە (٥٠٠) دۆلار.

کریستۆف سەر لە بن گوێی ڕێبوار دەنێت و ڕێبوار بۆی تەرجەمە دەکا:

دەڵێن ماست و پەنیری کوردی لە بازاڕ کەم بووەتەوە. وایە؟

مامە:

لە زەمانی سەدام، کەسێک لە بەغدا ئەگەر بیویستایە بچێتە وەزارەتی دیفاع و نەیزانیبا وەزارەتی دیفاع لە کوێیە؛ پێیان دەگوت «وەزارەتی دیفاع گوبەڵ لەبەن ئەربیل»، واتە «بچۆرە لای لەبەن ئەربیل، وەزارەتی

دیفاع لە تەنیشت ئەوێیە». ماستی هەولێر لە بەغدا هێندە بەناوبانگ بوو.

لە کوردەواریشدا سنگی نەرمی کچی جوان دەشوبهێنن بە پەنیری کوردی؛ حەسەن زیرەک دەڵێ «سنگت پەنیری کوردی»، کەچی ئێستا پشتمان کردووەتە ئەو ماست و پەنیرە جوانەی خۆمان و دەچین ماست و پەنیر لە تورکیا و ئێرانەوە دەهێنین. ئەرێ وەڵا وەزعمان ئاوهایە: تەنانەت خەیار و تەماتە و تووریش لە سووریا و تورکیا و ئێرانەوە دەهێنین. برنجی ئاکرێ و برنجی بازیان و گەنمی قەراج یەکەم بوون، کەچی ئێستا گەنم و برنج و ئاردیشمان لە UNەوە بۆ دێ. لە وڵاتانەوە.

ئەمە ئیشی ئێوەی تەلەڤزیۆنە کە چارەسەرێکمان بۆ بکەن!

ڕێبوار:

تۆ پێت وایە حکوومەت سیاسەتێکی ئابووریی چەوتی هەیە؟

مامە:

بەڵێ. چونکە ئەم جۆرە بازرگانییە، ڕەواجی بازاڕی کوردەکەی شکاندووە.

ڕێبوار:

چۆن؟

مامە:

ئاخر کورد چۆن دەبێتە دەوڵەت ئەگەر زڕعاتی خۆی نەبووژێنێتەوە و بچێ بەروبوومی وڵاتانی تر بکڕێ؟

کورد چۆن دەگاتە سەربەخۆیی سیاسی، ئەگەر سەربەخۆییەکی ئابووریی خۆی نەبێ.. پێم ناڵێی؟

ڕێبوار:

بە ڕای تۆ، حکوومەت بۆچی ئەم سیاسەتە ئابوورییە چەوتە پیادە دەکا؟

مامە:

بۆ ئەوەی باج و گومرگ لە بازرگانەکان وەربگرێت و بیخاتە خەزینەی خۆیەوە. حکوومەت بیر لە بەرژەوەندیی جووتیار و گوندنشینەکان ناکاتەوە: تەنیا بیر لە خەزینەی خۆی دەکاتەوە. ئەمە غەڵەتە.

ڕێبوار:

بە ڕای تۆ.. مامە.. لە ئەنجامی ئەم بارودۆخەیە کە زۆر خەڵک (لەبەر بێکاری و نەبوونی) کوردستان جێ دەهێڵن و ڕوو دەکەنە ئەوروپا..؟

مامە:

بەڵێ. ئا.

کریستۆف لە بناگوێی وەرگێڕ قسە دەکات و دەست دەکاتەوە وێنەگرتن.

ڕێبوار:

یەعنی ئەم بارودۆخە ڕۆڵی هەیە لەوەی کە خەڵک کوردستان جێ بهێڵن و بەرەو ئەوروپا سەرهەڵبگرن؟

مامە:

بەڵێ. ئا. عەشیرەتی وا هەیە، هەر هەموویان پێکەوە سەریان هەڵگرتووە و ئێستا هەر هەموویان پێکەوە لە ئەڵمانیا پەناهەندەن: مام و مامۆزا و خاڵ و خاڵۆزا و باپیرە و داپیرە و بنعام و دایک و باوک و زڕدایک و هەر شەش منداڵەکانیشیان. عەشیرەتێک پێکڕا گوندەکەی خۆیان جێ هێشتووە و ڕۆیشتوون.

کریستۆف:

C est bien, tres bien.(1)

گۆرانییەکەی حەسەن زیرەک لە ناو کۆڵانەکەوە بەرز دەبێتەوە:

سنگت پەنیری کوردی..

---

(١) کریستۆف:

ئەمە باشە، زۆر باشە.

دووکاندارێک لە ناو دووکاندارەکان:

ماستی ئێرانی، پەنیری تورکی، هەنگوینی سعوودی، پەنیری تورکی..

٤٦- ژوور. نووسینگەی کریستۆف لە ناو ڕێکخراوەکەی خۆیاندا.

کریستۆف هیلاکە. بێجامەی نووستنی لەبەر، کاتژمێر دادەنێتەوە. ماندوو، دەکەوێتە سەر پشت و خەوی لێ دەکەوێ.

کریستۆف خەون دەبینێ:

شەهرەزاد جوانتر و سەرنجڕاکێشتر لە هەمیشە، عەینەن سیحربازێک:

کریستۆف.. بەخێر بێیتەوە کوردستان.. غەریبیت دەکەم..

کریستۆف:

لێم گەڕێ توخوا لە باوەشت بگرم. منیش غەریبیت دەکەم.

شەهرەزاد:

کاتی ئەوە نییە، گوێ بگرە!

کریستۆف:

بۆ؟

شەهرەزاد:

فریای ڕیمیی برادەرەکەت بکەوە!

کریستۆف:

چی!؟

شەهرەزاد:

سبەینێ، ئەو، زوو، دەیەوێ بچێتە دهۆک. پێی بڵێ (با نەچێ!).

کریستۆف:

بۆ؟

شەهرەزاد:

ڕیمیی برادەرت ئەگەر ئەم سەفەرەی بکا، ئۆتۆمۆبێلەکەی لە ڕێگەی ئەترووش لێ وەردەگەڕێ و گیان لەدەست دەدا، دەمرێ. پێی بڵێ با

نەچێ.. ئەو سەفەرە نەکا. ئەگەر بڕوا.. ئۆتۆمۆبێلەکەی وەردەگەڕێ و دەمرێ. با نەڕوا.

کریستۆف لە خەو ڕادەچڵەکێت.

٤٧- ژوور. نووسینگەی ڕیمی لە ناو ڕێکخراوەکەی خۆیاندا.

کریستۆف بەبێجامەی نووستنەوە بەپەلەپڕووزێ ڕیمی لە خەو بێدار دەکاتەوە:

ڕیمی، ڕیمی..

ڕیمی لە خەو بێدار دەبێتەوە:

Oui?(1)

کریستۆف:

Ecoutes, Il ne faut pas aller a Duhok demain.(2)

ڕیمی:

Pourquoi?(3)

کریستۆف:

J ai vu dans mon reve que ta voiture va renverser et tu vas mourire.(4)

---

(١) ڕیمی لە خەو بێدار دەبێتەوە:

بەڵێ.

(٢) کریستۆف:

گوێ بگرە! تۆ سبەینێ نابێ بچیت بۆ دهۆک!

(٣) ڕیمی:

بۆ؟

(٤) کریستۆف:

من لە خەونمدا بینیم کە ئۆتۆمۆبێلەکەت لە ڕێگە وەردەگەڕێت و تۆش دەمریت.

ڕیمی:

comment ca?(1)

کریستۆف:

Une fille Kurde est venue dans mon reve et elle m a dit que tu vas mourire si tu fait ce voyage.(2)

ڕیمی لێی ورد دەبێتەوە و گاڵتەی بە عەقڵی دێ:

Tu es fou ou quoi?(3)

کریستۆف:

Je t en pris, Remie, Tu ne pars pas demain!(4)

ڕیمی:

Ton reve ne m empeche pas travailler.. Christophe.(5)

ڕیمی لێفەکەی بەسەر خۆی دادەداتەوە.

٤٨- ناو جێب. پێش نیوەڕۆ. ڕێگەی ئەترووش - دهۆک.

شـوفێـری ڕیمی ئۆتۆمـۆبێلـەکە داژوا و ڕیمی لـە تەنیـشـتـیـیـەوە کـۆوارێک

---

(١) ڕیمی:

چۆن ئەمە؟

(٢) کریستۆف:

کچـێکی کـورد هـاتە خـەونم و پێی گوتم کـە تۆ ئەگـەر ئـەم سـەفـەرە بکەیت، دەمریت!

(٣) ڕیمی:

تۆ ئەوە شێت بووی؟ بەڕاستتە؟

(٤) کریستۆف:

تکات لێ دەکەم ڕیمی. ئەم سەفەرەی سبەینێت مەکە!

(٥) ڕیمی:

تۆ خەونی خۆت ببینە، بەڵام ڕێگە لە کارکردنی منیش مەگرە!

دەخوێنێتەوە. گۆرانیی (نە مو کیت پا..)ی ژاک برێل لە تۆماری جێبەکەوە دەبیسترێ.

٤٩– ژوورەوە. پێش نیوەڕۆ. نووسینگەی فەرەنسییەکان.

ژووری نووستنی کریستۆف. زەنگی کاتژمێری لە خەو هەستانەوە.

کریستۆف هەڵدەستێتەوە. لە ناکاو بیری دەکەوێتەوە. بەپەلە ڕادەکاتە ژووری ڕیمی، دەبینێ ڕیمی لە ناو نوێنەکەی خۆی نەماوە: ڕیمی سەفەری کردووە. کریستۆف بەپەلە دەچێ ئاوێک بە دەموچاوی خۆی دادەکا و بە خاولییەک بەپەلە ڕووخساری وشک دەکاتەوە.

٥٠– ناو جێب. پێش نیوەڕۆ. ڕێگەی ئەترووش – دهۆک. شوفێری ڕیمی ئۆتۆمۆبێلەکە داژوا و ڕیمی لە تەنیشتییەوە کۆوارێک دەخوێنێتەوە. گۆرانیی (نە مو کیت پا..)ی ژاک برێل لە تۆماری جێبەکەوە دەبیسترێ. ڕووخساری ڕیمی دەبینین.

٥١– ژوورەوە. نووسینگەی فەرەنسییەکان. کریستۆف بەپەلە خاولییەکە فڕێ دەدات. ڕادەکا دەست دەداتە مۆبایلەکەی و تەلەفۆن دەکا بۆ ڕیمی. زەنگ دەڕوا.

٥٢– دەرەوە. مۆبایلەکەی ڕیمی لە ناو کەندێک کەوتووە، لە تەنیشت جێبە وەرگەڕاوەکەی ڕیمی، زەنگ لێ دەدات و کەس نییە هەڵیبگرێ وەڵامی بداتەوە.

جێبەکە وەرگەڕاوە و ڕیمی و شۆفێرەکەی لە ناو خوێنی خۆیاندا گەوزیون.

گۆرانیی (نە مو کیت پا)ی ژاک برێل هێشتا لە تۆماری جێبەکەوە بەردەوامە.

جێبە وەرگەڕاوەکەی ناو کەندەکە وردە وردە خەڵک دێنە سەری.

٥٣– دەرەوە. بەیانیی زۆر زوو. عەنکاوە: ناقووسی کەنیسە گەورەکە دەزرنگێتەوە. ئاسمانێکی تەماوی.

٥٤- ژوورەوە. عەنکاوە. نووسینگەی ڕێکخراوی فەرەنسییەکان.

کریستۆف و هەموو ئەندامانی ڕێکخراوە فەرەنسییەکە غەمگین، ماتەمینبار، سەریان کز کردووە و بێدەنگن.

کریستۆف بیر دەکاتەوە.

٥٥- دەرەوە. ئێوارە. هەولێر. سالۆن شەهرەزاد.

٥٦- ژوورەوە. ناو سالۆنی شەهرەزاد، کە سالۆنێکی تری تازە و کەشخەیە.

سێ کورسیی ڕازاندنەوەی ئافرەتان کە کچێک و دوو ژن لەسەری دانیشتوون. دوو کچیش لەوبەر دانیشتوون چاوەڕێ دەکەن.

شەهرەزاد سەرقاڵی ڕازاندنەوە و ڕێکخستنی پرچی ژنێکە.

٥٧- دەرەوە. سلێمانی. شەقامی سەهۆڵەکە. بەردەم گازینۆیەک. کچی گەنج و کوڕی گەنج بەو ناوەدا پیاسە دەکەن.

کریستۆف و ڕێبواری وەرگێڕ دانیشتوون.

لە دەوروبەری ئەوان کچ و کوڕی عاشق یان جووتەنی ڕۆنیشتوون.

شاگردەکە لەسەر سینییەک دوو ساردییان لەگەڵ دوو پەرداخ لە بەردەم دادەنێ.

ڕێبوار:

بەڕاست، کریستۆف، ڕیپۆرتاجەکەی تۆ بەتەواوەتی لەسەر چییە؟

کریستۆف (پەرداخی ساردییەکە دادەنێتەوە):

کورد بۆچی ڕادەکەنە ئەوروپا دەبنە پەناهەندە؟

ڕێبوار:

هۆیەکانی ڕاکردنی کورد بەرەو ئەوروپا!

کریستۆف:

لەبەرچی ناچار دەبن ئێرە جێ بهێڵن و بڕۆنە ئەوروپا ببنە پەناهەندە؟

ئەمە هۆیەکەی: سیاسەتە؟ بێ پارەییە؟ بێکارییە؟ بێزارییە؟ یان لە ترسی تیرۆر؟

ڕێبوار:

تیرۆر ئەمڕۆ لە هەموو شوێنێک هەیە. لە ئەوروپاش.

بۆیە لەوانەیە هۆیەکەی: تیرۆر نەبێ.

کریستۆف:

ئەدی بە ڕای تۆ چییە؟

ڕێبوار:

زۆر کەس.. ئەوروپایان پێ خۆشە.

کریستۆف:

بەڵام ئێوە هەموو سامان و توانا و پێداویستییەکی ژیانتان لێرە هەیە. ژیانێکی خۆشیشتان هەیە. دەزانی؟ بەڵام تا ئێستا نەتانتوانیوە سوود لەو شتانەتان وەربگرن.

ڕێبوار:

زۆربەی خەڵکی ئێرە ئەوروپایان پێ خۆشە.

کریستۆف:

ئێمە خۆمان ئەوروپای خۆمان دروست کرد، ئێوەش دەبێ خۆتان ئەوروپای خۆتان دروست بکەن! وا نییە؟

ڕێبوار:

تۆ هەفتەیەک زیاترە کار لەسەر ئەم ڕیپۆرتاجەت دەکەی. زۆرت ماوە؟!

کریستۆف:

هێشتا...

کریستۆف دەموچاوی خۆی هەڵدەپشێوێ و پاشان دەموچاوی خۆی لە ناو دەستەکانی خۆی دەگرێ و بیر دەکاتەوە.

ڕێبوار:

بیر لە چی دەکەیتەوە؟

کریستۆف:

دەبێ ئەو کچە بدۆزمەوە.

ڕێبوار:

کێ؟

کریستۆف:

ئەو کچەی پێش تۆ موتەرجیمی من بوو.

ڕێبوار:

شەهرەزاد؟

کریستۆف:

ئەمم.

ڕێبوار:

خۆشت دەوێ، کریستۆف؟

کریستۆف، بێدەنگ، بیر دەکاتەوە.

٥٨- دەرەوە. سەرچنار. کچ و کوڕی گەنج لەو ناوە پیاسە دەکەن.

کریستۆف:

لە خۆیەوە پێی گوتم «ئەمرۆ سەربازێکی ژنی ئەمەریکی بەپەڕەشووت لە هەلیکۆپتەرێکەوە دێتە خوارەوە و دەکەوێتە ناو باوەشی جووتیارێکی کورد». دوای چەند سەعاتێک، قسەکەی ڕاست دەرچوو. دەزانی؟

ڕێبوار سەرسوڕماو تەماشای کریستۆف دەکا.

کریستۆف:

پێش ئەوەی بەجێم بهێڵێ و لەگەڵ براکەی بڕوا بۆ ئاکرێ، پێی گوتم «ئاگەداری خۆت بە.. هەفتەی داهاتوو پەساپۆڕتەکەت بزر دەکەی».

دیسان دوای چەند ڕۆژێک قسەکەی ڕاست دەرچوو. پەساپۆڕتەکەم دوای چەند ڕۆژێک لێ بزر بوو.

ڕێبوار؛ سەری سوڕما و، تەماشای دەکا.

کریستۆف:

بیست و پێنج ڕۆژی پێ چوو تا توانیم لە ڕێگەی سەفارەتی فەرەنسییەوە لە بەغدا پەساپۆڕتێکی تازە وەربگرمەوە. چییە ئەمە؟ نابێ بزانم ئەم کچە چی بوو؟

ڕێبوار:

ئەگەر پێکەوە بچینە ئاکرێ، ماڵەکەی پێ دەزانیتەوە؟!

کریستۆف:

پاشان لە هەمووی سەیرتر. بۆ هەر کەسێکی بگێڕمەوە، باوەڕم پێ ناکا. شەوێک هاتە خەونم. هاتە خەونم و پێی گوتم «بە ڕیمیی برادەرت بڵێ: نەچێتە دهۆک! ئەگەر بچێتە دهۆک جێبەکەی لە ڕێگەی دهۆک وەردەگەڕێت و دەمرێ». منیش بە ڕیمیم گوت. ڕیمی بەداخەوە بەگوێمی نەکرد و چوو. جێبەکەی ڕیمی لە ڕێگەی دهۆک وەرگەڕا و ڕیمی مرد.

ڕێبوار سەرسوڕماو تەماشای کریستۆف دەکا.

کریستۆف:

دەمەوێ بزانم ئەم کچە کێیە؟ حەز دەکەم بیبینمەوە.

ڕێبوار بیر دەکاتەوە.

کریستۆف:

حەز دەکەم بزانم: ئەم کچە ئەم شتانە لە کوێوە دەزانێ؟

ڕێبوار:

ئەگەر پێکەوە بچینە ئاکرێ، ماڵەکەی پێ دەناسیتەوە؟!

کریستۆف:

ئا. بچین؟ لەگەڵم دێیت؟!

ڕێبوار:

من دڵنیام دەیدۆزینەوە.

٥٩- ئاکرێ. ڕۆژ. هەمان کۆڵانەکەی ماڵی شەهرەزاد.

دەرگەیەکی کۆن و کەشخە. دەستی ڕێبوار لە دەرگە دەدا.

دەرگە دەکرێتەوە و برا گەورەکەی شەهرەزاد وەدیار دەکەوێ. بە ڕوویەکی خۆشەوە فەرموویان لێ دەکا:

هەلەو مستەر کریستۆف!

تەوقە لەگەڵ یەکتر دەکەن.

ڕێبوار:

دەکرێ چاومان بە خاتوو شەهرەزاد بکەوێ؟

برای شەهرەزاد:

بۆ؟

ڕێبوار:

مسیۆ کریستۆف ڕۆژنامەنووسێکی فەرەنسییە، حەز دەکا داوای ئەوەی لێ بکات هەندێ کاری بۆ تەرجەمە بکاتە کوردی لە فەرەنسییەوە.

برای شەهرەزاد:

چووە بۆ هەولێر. لەوێ کار دەکا.

کریستۆف:

دەتوانی ناونیشانەکەیمان بدەیتێ؟

برای شەهرەزاد:

نازانم. باوەڕ بکە! بەڵام دەزانم ئێستا وازی لە تەرجومانی هێناوە و چی تر حەز ناکا لەگەڵ ڕێکخراوەکان کار بکا.

ڕێبوار:

چ کارێک دەکا؟ لە کوێ؟

برای شەهرەزاد:

نازانم شوێنی کارەکەی لە کوێیە، چووە بۆ هەولێر.

٦٠- دەرەوە. عەنکاوە. شەو. نووسینگەی ڕێکخراوی فەرەنسییەکان.

هەموو برادەرە فەرەنسییەکانی کریستۆف، بە کریستۆفیشەوە خۆیان ئامادە دەکەن؛ ژوورەکەیان و نووسینگەکەیان ڕێک دەخەن و گسک دەدەن و سەرقاڵی قسە و باسی خۆیانن.

ژاکی:

Moi, bonne nuit. Il faut qu on se leve tot.(1)

زەنگی مۆبایلی کریستۆف. کریستۆف بەدەم هەنگاونانی بۆ ژوورەکەی خۆی، وەڵام دەداتەوە؛ ڕێبوارە:

سبەینێ کاتژمێر چەند بێمە لات؟

کریستۆف:

ئا. باش بوو تەلەفۆنت کرد. سبەینێ مەیە لام. سبەینێ دەبێ بچمە بەغدا. نوێنەری UN لە بەغدا، **سێرجیۆ دی مێلۆ**، کۆبوونەوەیەکی گرینگمان لەگەڵی هەیە لە بەغدا.. دەبێ هەمووومان بچین گفتوگۆیەکی لەگەڵ بکەین.

ڕێبوار:

هەرکە هاتیتەوە تەلەفۆنم بۆ بکە! دڵنیام دەیدۆزینەوە.

کریستۆف:

OK.

ڕێبوار:

شەو شاد!

---

(١) ژاکی:

من دەنووم، شەو شاد. دەبێ بەیانی زوو هەڵبستم.

کریستۆف مۆبایلەکەی دادەنێتە سەر مێزەکەی تەنیشتی و بێجامەکەی دەکاتە بەر و دەچێتە ناونوێنەکەی. کاتژمێر دادەنێتەوە و گڵۆپی ژوورەکە دەکوژێنێتەوە.

٦١- ژوورەوە. ڕووخساری کریستۆف لە ناو نوێنەکەی خۆیدا، خەوی لێ کەوتووە؛ خەون دەبینێ:

٦٢- خەون: شەهرەزاد، جوانتر و سەرنجڕاکێشتر لە هەمیشە، عەینەن سیحربازێک:

کریستۆف.. غەریبیت دەکەم!

کریستۆف (شاگەشکە بووە لە خۆشییان):

منیش غەریبیت دەکەم. لێم گەڕێ توخوا باوەشێکت پێدا بکەم.

شەهرەزاد:

برا گەورەکەم بەمە بزانێ سەرم دەبڕێ، کریستۆف. نەکەی!

کریستۆف:

بیرت دەکەم، شەهرەزاد تۆ لە کوێی؟

شەهرەزاد:

گوێ بگرە!

کریستۆف:

تۆ لە کوێی؟

شەهرەزاد:

تۆ لەم ڕۆژانە سەفەرێکت دەکەوێتە پێش بەرەو بەغدا. دەچی لە کۆبوونەوەیەکی گرینگدا بەشداری دەکەیت و لەگەڵ سێرجیۆ دی مێلۆی نوێنەری UN لە بەغدا کۆ دەبیتەوە.

کریستۆف:

ئمم..

شەهرەزاد:

مەچۆرە ئەو کۆبوونەوەیە!

کریستۆف:

بۆ؟

شەهرەزاد:

تیرۆریستەکان ئەو شوێنە دەتەقێننەوە و سێرجیۆ دی مێلۆ تیرۆر دەکەن.

کریستۆف:

تۆ چۆن دەزانی، شەهرەزاد؟

شەهرەزاد:

ئەگەر بچیتە ئەو کۆبوونەوەیە، هەر کەسێکی تریش نزیکی ئەو بێت، ئەویش دەکوژرێ.

کریستۆف:

تۆ چۆن ئەمە دەزانی.. شەهرەزاد؟

ئاخر ئێمە کۆبوونەوەیەکی گرینگمان لەگەڵ ئەو هەیە!

شەهرەزاد:

کریستۆف گیان.. نەچی! پێت دەڵێم «نەچی!».

بە برادەرەکانیشتان بڵێ «نەچن». ئەم کۆبوونەوەیە دەتەقێندرێتەوە و سێرجیۆ دی مێلۆیش تیرۆر دەکرێ! نەچی!

کریستۆف:

شەهرەزاد..

شەهرەزاد:

پێت دەڵێم، نەچی کریستۆف! تیرۆر دەکرێی.. نەچی! تیرۆر دەکرێی.. تیرۆر.. تیرۆر...

٦٣- دەرەوە. بەغدا. دیمەنی تەقینەوەیەک و دیمەنی تیرۆرکردنی سێرجیۆ دی مێلۆی نوێنەری UN لە بەغدا.

سێرجیۆ دی مێلۆی نوێنەری UN لە بەغدا لە ناو خوێنی خۆیدا کەوتووە.
کوژراو. بریندار.
هاتوهاواری خەڵک
پۆلیس. ئۆتۆمۆبێلەکانیان.

٦٤– ژوورەوە. پاش نیوەڕۆ. عەنکاوە. نووسینگەی ڕێکخراوی فەرەنسییەکان.

کریستۆف لەسەر قەنەفەیەک لە ناوەڕاستی نووسینگەکەیان لە خەو ڕادەچڵەکێ. زەنگی تەلەفۆنی نووسینگەکەیان وەخەبەری دێنێتەوە.

کریستۆف گووشیی تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێ.

بەرپرسی ڕێکخراوەکەیان (مسیۆ ژاکی) لە بەغداوە، پەشۆکاو، بە مەرەق و سەرسوڕماوییەکی لە ڕادەبەدەرەوە قسەی لەگەڵ دەکا:

Christophe, Bonjour!
Dite - moi! Comment tu savait qu il y aurai une explusion et Mr Le Representan de l UNU va etre terorise?(1)

کریستۆف:

Mais, je vous ai dit, Monsieur! Je vous ai de ne pas y aller!(2)

مسیۆ ژاکی:

Mais comment tu le savait, mon Dieu!? Comment tu le savait?! Voila.. Ecout.. Jean et Albert sont morts, et Natalie est gravement blessee. On va rester ici a Baghdad quellques jours de plus pour les envoyer a Paris. Et nous on va rentrer a Arbil peut- etre le de-

---

(١) مسیۆ ژاکی:

کریستۆف، ڕۆژباش. پێم بڵێ تۆ چۆن دەتزانی کە تەقینەوەیەک ڕوو دەدات و نوێنەری یوو ئێن تیرۆر دەکرێ؟

(٢) کریستۆف:

باشە، ئەدی من پێم نەگوتن کە نەچن! من پێم گوتن.

but de la semaine prochaine Et merd a cette copine a toi, Shahrezad![1]

کریستۆف بەدڵێکی تەنگەوە، خەریکە دەگری.

٦٥- دەرەوە. دەمەوئێوارە. هەولێر. چایخانەیەک.

لەلایەکی حەوشەی پانوپۆڕی چایخانەکە: شەڕەکەڵەشێر.

لەلایەکی تر: خەڵک دانیشتوون نێرگلە دەکێشن.

کریستۆف و ڕێبوار دانیشتوون بەدیار قاوەکانیانەوە.

ڕۆژنامەی خەبات هەواڵەکەی بە مانشێت بڵاو کردووەتەوە: (سێرجیۆ دی مێلۆ، نوێنەری UN لە بەغدا تیرۆر کرا. فەرەنسییەک و چەند ئەمەریکییەکیش لەگەڵی گیانیان لەدەست دا).

دەنگی دەروێشێک دێ:

تاقیکراوەی کوردەواری.. بیکڕە.. زەرەری لێ ناکەی!

تاقیکردنەوە باشترین بەڵگەیە. بیکڕە!

دەروێشەکە، تێلەگەیەکی بەشانەوە. چەند شووشە و کەرەستەیەک بە مەچەکی چەپییەوە، هەندێ شتیش لە ناولەپی چەپی. بەدەستی ڕاستیشی شتەکانی تری دەردەهێنێ. تەسبیحێک لە مل، بە جلوبەرگێکی سەیر و ڕەنگاوڕەنگەوە مەزاد بۆ شتەکانی خۆی دەکا. لە کریستۆف نزیک دەکەوێتەوە:

ئەمە ئاوێنەی تازەبووکە، ئەگەر زۆر تەماشای بکەی.. سەفەری خۆشت دەکەوێتە پێش.

---

(١) مسیۆ ژاکی:

باشە، بەڵام تۆ چۆن ئەوەت دەزانی؟ ئەمە مانای چییە؟ ئەمەتا دەبینی (ژان) و (ئەلبێرت) تیا چوون، (ناتالی)ش بریندارە. ناچارین چەند ڕۆژێک لێرە لە بەغدا بمێنینەوە تا ئەو کاتەی دەیاننێرینەوە بۆ پاریس. پاشانیش، لەوانەیە سەرەتای هەفتەی داهاتوو، دەگەڕێینەوە هەولێر. تۆش.. نەفرەت لەم کچە هاوڕێیەت کە ناوی شەهرەزادە.

کریستۆف ڕۆژنامەکە بەلاوە دەنێت.

دەروێش ئاوێنەکە دەخاتەوە ناو تێلەگەکەی. شووشەیەک دەردەهێنێ:

ئەم شووشەیەش خوێنی پشتی کیسەڵە، ئەگەر لە برینی خۆتی هەڵسوی.. چاکت دەکاتەوە.

ئەمەش قورقوشمە.. بیتوێنەوە و بەسەر سەری منداڵی ترساودا بیگێڕە، چاک دەبێتەوە.

ئەمەش مووررووی شینە، بۆ چاوەزار باشە.

دەروێش شتەکانی دەخاتەوە جێی خۆی و شتی تر پێشانی کریستۆف دەدا:

ئەمە پێستی سمۆرەیە بۆ کیسەپارە سەر بە ڕزقە.

ئەمە زراوی ڕێوییە، ئەگەر کەسێک فێی لێ بوو، ئەم زراوە بێنیت سەرێکی بخەیتە لووتی کابرای فێدار، پاشان فوو بکەی بە سەرەکەی تریدا. ئیدی جارێکی تر کابرا فێ نایگرێتەوە.

کریستۆف دەست لە پێستی زراوەکە دەدا و لێی ورد دەبێتەوە.

دەروێش:

ئەمەش قوزە کەمتیارە، ئەگەر بەردەوام پێت بێت و هەڵی بگری.. تەماشای چاوی هەر کەسێک بکەی خۆشیت بوێ؛ ئەو کەسە یەکسەر عاشقت دەبێ.

کریستۆف دەداتە قاقای پێکەنین. سەر لە بناگوێی ڕێبوار دەنێ:

ئەمە بۆ من باشە!

دەروێش دەچێتە لای نێرگلە لەدەستەکان.

کریستۆف تەماشای پیاوێکی لاواز و نەخۆش دەکا. دوو پیاو ڕایان گرتووە. پیاوە نەخۆشەکە تەماشای شووشەیەکی گەورەی پڕ لە ئاو دەکا کە ماسییەکی بچکۆڵەی زەردی تێدایە. پیاوە نەخۆشەکە بێ جووڵە چاوی زەق کردووەتەوە و تەماشای شووشە پڕ لە ئاوەکە دەکا کە ماسییە زەردەکەی لەناودایە.

کریستۆف:

ئەمە چییە، ڕێبوار؟

ڕێبوار:

هەر کەسێک ئەگەر تووشی نەخۆشیی زەردوویی هاتبێت؛ ئەگەر بێت تەماشای ماسییەکی زەرد بکات لە ناو ئاودا؛ چاک دەبێتەوە.

کریستۆف:

ڕێبوار.. پێم بڵێ خەڵکی وا هەیە لێرە توانای ئەوەی هەبێ پێشبینی بکا؟

ڕێبوار:

یەعنی چۆن؟

کریستۆف:

مەسەلەن بتوانێ بزانێ سبەی چی ڕوو دەدا؟

ڕێبوار:

لە گەڕەکەکەی ئێمە شێخێک هەیە، ناوی مەلا سوورەیە؛ فاڵ دەگرێتەوە و خەون لێک دەداتەوە.

کریستۆف:

بەڕاست؟

ڕێبوار:

ئمم. ئەگەر خەڵک شتێکی بەنرخیان لێ بزر ببێ یان دزرابێ، دەچنە لای ئەو مەلا سوورەیە.

کریستۆف:

با بچین بۆ لای!

٦٦- ژوورەوە. ماڵی مەلا سوورە: ژوورێکی مەیلەو تاریک و ڕەنگاوڕەنگ، شیر و قۆچەگا و دەف و ئایەتی قورئانی و شتی لەم جۆرە بە دیوارەوە

هەڵواسراون. لەگەنێکی پڕ لە ئاوی کەسک و سوور لە بەردەمیدا داندراون. لەگەنەکە هەڵمێکی ڕەنگینی لێ هەڵدەستێ.

مەلا سوورە، پیاوێکی نوورانی و میهرەبان، بە جلوبەرگێکی تایبەتییەوە، دەست بە تەزبیحێکەوە.

کریستۆف و ڕێبوار لە بەرامبەری دانیشتوون.

دەنگی ڕێبوارمان گوێ لێیە و وێنەکانی خوارەوە دەبینین:

مەلا سوورە مەنجەڵێک پڕ دەکا لە ئاوی ڕەنگاوڕەنگ و دەرمانێکی تێ دەکا. منداڵێکیش دەهێنێ نێوچەوانی دەبەستێتەوە و چەند ئایەتێکی لەسەر دەخوێنێ تا منداڵەکە ئاگای لە خۆی نامێنێ. ئنجا ئەو منداڵە بەدەم خەونەوە دەکەوێتە گێڕانەوەی ئەوەی کە ئەو شتە دزراوە ئێستا لای کێیە و کێ دزیویەتی و چۆن دزراوە. دەڵێن ئەو منداڵە بەدەم خەونەوە ناوی یەکە یەکەی ئەو کۆڵان و شوێنانە دەهێنێ؛ ناوی تەواوی ئەو کەسەش دەبا کە شتە گرانبەهاکەی دزیوە؛ وەسفی تەواویشی دەکا، تەنانەت وەسفی ماڵەکەیشی دەکا.. تا ئیتر ئەو دزە دەدۆزنەوە و ئەو شتە دزراوە پەیدا دەکەنەوە.

٦٧- ژوورەوە. نووسینگەی سەفارەتخانەی فەرەنسا لە بەغدا.

باڵوێزی فەرەنسا لەودیو مێزی نووسینگەکەی خۆی.

مسیۆ ژاکی، بەرپرسی ڕێکخراوی فەرەنسییەکان لە عەنکاوە.

مسیۆ ژاکی:

Monsieur l Ambassadeur.. La premiere fois ce n etait pas tellement chocant: il nous a informe la facon de mourire de notre collegue, Remie, sur la route de Duhok. Mais maintenant, voila, il a bien precise la date et le lieu exacte de cette explusion. Il a precise.. il a bien precise comment Mr le representant de l Unu va etre terorise. Mais il nous a deja informe de ne pas participer a cette cinferance. Alors est- ce vous, Mr L Ambassadeur, nous permetiz

de souspecter Mr Christophe et le mettre dans surveillance, ou non?(1)

باڵوێزی فەرەنسا پێنووسێکی بەدەستەوەیە و بیر دەکاتەوە:

Pas seullement votre Collegue mais aussi bien sa Copine. Elle s appelee comment.. vous avez dit?(2)

مسیۆ ژاکی:

Shahrezad. Mais on la connais pas encore.(3)

باڵوێزی فەرەنسا پێنووسێکی بەدەستەوەیە:

il faut la trouver la plus vite possible.(4)

---

(١) مسیۆ ژاکی:

جەنابی ئامباسادۆر، یەکەمین جار هێندە بەلامانەوە سەیر نەبوو. هات پێشبینیی ئەوەی داینێ کە (ڕیمی)ی هاوکارەکەمان لە ڕێگەی دەۆک ئۆتۆمۆبێلی وەردەگەڕێت و دەمرێ. بەڵام ئەم جارەیان، خۆتان بینیتان، وردبینانە تەنانەت شوێن و بەرواری ڕووداوەکەیشی دەسنیشان کرد. چۆنیەتیی تیرۆرکرانی جەنابی نوێنەر یوو ئێنی، زۆر باریکبینانە بۆمان ڕوو کردەوە؛ بەڵام هێندە هەیە بە ئێمەی ڕاگەیاند کە نەچین بۆ بەشداربوون لە کۆنفرانسەکە. ئێستاش پرسیاری ئێمە لە بەڕێزتان، جەنابی ئامباسادۆر، ئەمەیە: ئاخۆ مسیۆ کریستۆف بخەینە ژێر چاودێرییەوە یان نا؟ ئایا ناوبراو گومانی لێ ناکرێ؟

(٢) باڵوێزی فەرەنسا پێنووسێکی بەدەستەوەیە و بیر دەکاتەوە:

نەک تەنیا مسیۆ کریستۆف، بەڵکو کچە هاوڕێکەیشی، جێگەی گومانن؛ پێویستە بخرێنە ژێر چاودێرییەکی توندەوە. ناوی کچە هاوڕێکەی چی بوو؟

(٣) مسیۆ ژاکی:

شەهرەزاد، بەڵام ئێمە هێشتا ئەو باش ناناسین.

(٤) باڵوێزی فەرەنسا پێنووسێکی بەدەستەوەیە:

پێویستە بەزووترین کات بیدۆزینەوە و دەست بەکار بکەن.

مسیۆ ژاکی:

Enttendu Monsieur.[2]

باڵوێزی فەرەنسا هەڵدەستێتەوە:

Mais il ne faut pas confier cette information aux Americains. Deuxiemment [3]

مسیۆ ژاکی:

Enttendu Monsieur.[4]

باڵوێزی فەرەنسا هەڵدەستێتەوە:

Il faut etre meme tres vite avant qu il , Mr Christophe votre collegue, se vende complettement aux Teroristes![5]

مسیۆ ژاکی:

Enttendu Monsieur[6]

٦٨- ژوورەوە. نووسینگەی ڕێکخراوی فەرەنسییەکان.

تەنیا کریستۆف و ڕێبوار لە ناو هۆڵی پێشوازیی ڕێکخراوەکە قاوە دەخۆنەوە.

---

(٢) مسیۆ ژاکی:

فرمانی بەڕێزتانە.

(٣) باڵوێزی فەرەنسا هەڵدەستێتەوە:

بەڵام ئەم نهێنییە نابێ بگاتە ئەمەریکاییەکان. دووەم شتیش...

(٤) مسیۆ ژاکی:

فرمانی بەڕێزتانە.

(٥) باڵوێزی فەرەنسا هەڵدەستێتەوە:

دەبێ ئەم چاودێریکردن و تۆژینەوەیەش زۆر بەپەلە بکرێت، پێش ئەوەی کە هاوکارەکەتان، مسیۆ کریستۆف، بەتەواوەتی خۆی بفرۆشێتە تیرۆریستەکان.

(٦) مسیۆ ژاکی:

فرمانی بەڕێزتانە.

ڕێبوار:

من باوکم پاسکیلچی بوو. ناوی حەسەن بوو. دەیگوت شەوێک عیزرائیل لە شێوەی پیاوێکی نوورانی، لە ناو کراسێکی سەرتاپا سپی، هاتە خەونم، لێمی پرسی (تۆ ناوت حەسەن پیرداودە و پێنج منداڵت هەیە؟)، منیش گوتم (بەڵێ). عیزرائیل پێمی گوت (هەستە.. فەرموو، بەپێشم کەوە).

باوکم دەیگوت (منیش وەک ئەوەی سیحرم لێ کرابێ، دەستم دایە دەستی و هەستامەوە، بەدوای عیزرائیل کەوتم. هێشتا ژووری نووستنەکەی خۆمانم جێ نەهێشتبوو، عیزرائیل لە ناکاو کەمێک وەستا و بیری کردەوە، پاشان ئاوڕێکی بۆم دایەوە و بە گومانێکەوە لێمی پرسی (مام حەسەن تۆ گەنمفرۆشیت و ناوی باپیرت کاڕەسووڵە؟). گوتم: (نەخێر من پاسکیلچیم و ناوی باپیرم کاخدرە).

باوکم دەیگوت: (عیزرائیل لەو کاتەدا یەکسەر ڕووی تێ کردم و دەستەکانی بۆ ناو نوێنی نووستنەکەم درێژ کرد و گوتی: (دە کەواتە، ببوورە.. فەرموو تۆ بچۆرەوە ناو جێگەکەی خۆت!).

باوکم دەیگوت (هەرکە چوومەوە ناو نوێنەکەم، چەند چرکەیەکی پێ نەچوو، بە هاتوهاواری ماڵی مام حەسەن گەنمفرۆشی دراوسێمان بێدار بوومەوە. هەستام گوتم بزانم ئەمە چ هەرایە لە پێش دەرگەی ماڵی مام حەسەنی دراوسێمان. دیتم: ژنی مام حەسەنی گەنمفرۆش، بەخۆی و منداڵەکانیەوە لە پێش دەرگەی خۆیان شین و ڕۆڕۆیان بوو.

باوکم دەیگوت (خودان تەعالا، عیزرائیلی هێنایە خەونی من و دەیویست لە جیاتی مام حەسەنی گەنمفرۆش بمبا. لە دوا چرکەکانی ڕۆیشتنماندا عیزرائیل پەی بەمە برد کە من حەسەنی پاسکیلچیم و حەسەنی گەنمفرۆش نیم).

خەون ئاوهایە ئیتر... کریستۆف. من لەو کاتەوە وا تێ دەگەم کە ئینسان هەرچی خەونێک ببینێ: ڕاستە.

٦٩- ژوورەوە. ماڵی مەلا سوورە: ژوورێکی مەیلەو تاریک و ڕەنگاوڕەنگ، شیر و قۆچەگا و دەف و ئایەتی قورئانی و شتی لەم جۆرە بە دیوارەوە هەڵواسراون. لەگەنێکی پڕ لە ئاوی کەسک و سووریش لە بەردەمی داندراون. لەگەنەکە هەڵمێکی لێ هەڵدەستێ.

مەلا سوورە، بە جلوبەرگێکی تایبەتییەوە، دەست بە تەزبیحێکەوە.

کریستۆف و مامۆستا ڕێبوار لە بەرامبەری دانیشتوون.

کریستۆف:

باشە.. من چۆن ئەو خەونانە دەبینم، یاشێخ؟

مەلا سوورە:

خەون زۆر جار لە سەرچاوەیەکی یەزدانی و خێرەوە هەڵدەقووڵێ... خۆی لە قەرەی هەندێ لەو زانیارییانەدا دەدا کە لە کاتی بێداریدا ئێمە ناتوانین درکیان پێ بکەین.

کریستۆف:

یەعنی چۆن؟

مەلا سوورە:

خەون هەندێ نهێنی و زانیاریی وا دەگرێتە خۆ کە خەوبین لە کاتی بێداریدا ناتوانێت پەیان پێ ببات: بۆیە تەنیا لە کاتی خەوبینیندا دەرکیان پێ دەکات.

کریستۆف:

باشە.. خەوبین لە کاتی هۆشیاریدا، واتە دوای وەخەبەرهاتنەوەی لەو خەونە.. ناتوانێ بزانێت ئەو زانیارییانەی لە کوێوە بۆ هاتووە؟!

مەلا سوورە:

بێگومان لە خەونەکەوە پێی گوتراوە: بەڵام سەرچاوەی زانیاری و وێنەکان دیار نین. لەوانەیە سەرچاوەیەکی یەزدانی بێ.. لەوانەشە سەرچاوەیەکی ئەهریمەنی بێ!

کریستۆف:

سەرچاوەی یەزدانی و سەرچاوەی ئەهریمەنی...؟

مەلا سوورە:

هەردووکیان لە ناو ژیانی خۆماندان، لە دەوروبەری خۆماندان.. بەڵام لە شێوەی فریشتە و ئیبلیسەوە، یان لە شێوەی کەسێکدا دێنە ناو خەونەکانمانەوە.

کریستۆف:

من.. کچێک ئەم زانیارییانەم دەداتێ.

مەلا سوورە:

ئەو کچە یان ئەوەتا فریشتەی خوایە، یانیش ئەوەتا عاشقی تۆیە.. خۆشی دەوێی!

کریستۆف:

عاشقی من؟

مەلا سوورە:

تۆی زۆر زۆر خۆش دەوێ.

کریستۆف:

بەڕاست؟

مەلا سوورە:

ئەو شەیدای تۆ بووە و دەیەوێ ژیانت بەختەوەر بکا.

دەیەوێ لە دەست بەڵا و مردن بتپارێزێ.

کریستۆف (بیر دەکاتەوە).

مەلا سوورە:

ئەو ناتوانێ بێتە لات و پێت شاد ببێ.. بۆیە دێتە خەونت.

٧٠- ژوورەوە. نیوەڕۆ. کۆڵانی ماڵی مەلا سوورە.

کریستۆف و ڕێبوار بەدەم ڕێوە.

کریستۆف:

من دەبێ شەهرەزاد بدۆزمەوە، ڕێبوار.

ڕێبوار:

لە حەکایەتێکی کوردیدا بازرگانێکی کورد لە خەونی خۆیدا ژنەکەی خیانەتی لێ دەکا. ئەو خەونە هێندە کار لە دڵ و دەروونی دەکا.. وای لێ دەکا گومان لە ژنەکەی خۆی بکات. لە کۆتاییدا باندەستی ئەو خەونە وای لێ دەکا ژنەکەی خۆی تەڵاق بدا. پاشان، واتە پاش لە یەکتر جودابوونەوەیان بە چەند مانگێک، دەردەکەوێ کە ژنی بازرگانەکە بەڕاستی خیانەتی لێ کردبوو.

کریستۆف:

چۆن وەدیار کەوت؟

ڕێبوار:

چونکە ژنە، پاشان مێرد بە هەمان ئەو پیاوە دەکا کە بازرگانەکە لە خەونی خۆیدا بینیبووی؟

کریستۆف:

یەعنی بەڕای تۆ ئەو خەونانەی من دەیبینم.. مەبەستم ئەو قسانەی کە شەهرەزاد لە خەونمدا پێم دەڵێ، هەموویان بەڕاست دەردەچن؟

ڕێبوار:

ئێمە داستانێکی دێرینی ترمان هەیە بەناوی (مەم و زین). مەم دێتە خەونی زین و.. زین عاشقی خۆی دەکا؛ لە هەمان شەو و لە هەمان چرکەشدا، زینیش دێتە خەونی مەم و.. مەم عاشقی خۆی دەکا. دەزانی؟

کریستۆف:

ئممم..

ڕێبوار:

پاشان هەردووکیان، ئەم بەدوای ئەودا و ئەو بەدوای ئەمدا دەگەڕێن..

تا یەکتر دەدۆزنەوە و بەیەکتر شاد دەبن.

کریستۆف:

ئمممم..

کریستۆف و ڕێبوار گەیشتوونەتە لای جێبەکەیان لە گەراجەکە.

ڕێبوار:

من زۆر باوەڕم بە خەون هەیە، کریستۆف.

کریستۆف بیر دەکاتەوە و سواری جێبەکە دەبێ.

ڕێبوار سلف لێ دەدا:

بۆ کوێ؟

کریستۆف:

زۆر غەریبیی شەهرەزاد دەکەم.

٧١- دەرەوە. ئێوارە. ناوچەی بیارە.

هێزە چەکدارەکانی ئەمەریکا، چەند پێشمەرگەیەک لەگەڵیان، لە ناو دارستانێکدا دەگەڕێن.

هێزە چەکدارەکانی ئەمەریکا، چەند پێشمەرگەیەک لەگەڵیان، لە ناو گوندێکی نیمچە چۆڵدا پیرەمێردێک و پیرەژنێک دەبینین، پێشمەرگەیەک لە مامەپیرەکە دەپرسێ:

مامەپیرە.. چەند چەکدارێکتان نەدیوە ژنێکی سفووری ئەمەریکاییان لەگەڵ بێت؟

پیرەمێرد:

نا.

هێزە چەکدارەکانی ئەمەریکا، چەند پێشمەرگەیەک لەگەڵیان، لەسەر کانییەک چەند ژنێک دەبینن، پێشمەرگەیەک لە یەکێکیان دەپرسێ:

ئەرێ خانم.. چەند چەکدارێکتان نەدیوە ژنێکی سفووری ئەمەریکاییان لەگەڵ بێت؟

ژنەکە:

نا.

٧٢- دەرەوە. نیوەڕۆ. هەولێر. بازاڕی سیروان.

کریستۆف و مامۆستا ڕێبوار چاو دەگێڕن بەدوای شەهرەزاددا.

٧٣- دەرەوە. ئێوارە. هەولێر. نیوو سیتی.

کریستۆف بەتەنیا چاو دەگێڕێ.

٧٤- ژوورەوە. شەو. هەولێر. پارکی منارە.

کریستۆف و مامۆستا ڕێبوار چاو دەگێڕن.

٧٥- دەرەوە. دوای تەواوبوونی نوێژی عەسر. ناوچەی بیارە.

هێزە چەکدارەکانی ئەمەریکا، چەند پێشمەرگەیەک لەگەڵیان، لە خورماڵ، دەگەنە بەردەم مزگەوتێک.

نوێژکەرەکان لە مزگەوت دێنە دەرەوە.

منداڵێک لە بەردەم دەرگەی مزگەوتەکە داندراوە هەردوو قاچی بە بەنێکی ئەستوور بەستراوەتەوە. یەکێک لە یەکەمین ئەو نوێژکەرانەی لە مزگەوتەکە دێتە دەرەوە، پێی بەستراوی منداڵەکە دەکاتەوە و پێی دەڵێ:

«دە هەستە.. برۆ!».

منداڵەکە بەسەر پێیان دەکەوێ.

لەولاوە دایکی بە شاگەشکەییەوە دێت و باوەشی پێدا دەکا.

پێشمەرگەیەک لە ناو چەکدارە ئەمەریکاییەکانەوە لە حاجییەک دەپرسێ:

مام حاجی، چەند چەکدارێکتان نەدیوە ژنێکی سفووری ئەمەریکاییان لەگەڵ بێت؟

مام حاجی:

نا.

ئەم دیمەنە دووبارە دەبێتەوە لەگەڵ پیاوێکی تر.

مجێوری مزگەوتەکە دێتە پێشەوە، لاڵە، نامەیەکی پێیە. نامەیەک دەداتە پێشمەرگەکە و بە پێشمەرگەکە دەڵێ:

هانێ!

پێشمەرگەکە نامەکە دەکاتەوە و دەیخوێنێتەوە (بە عەرەبی نووسراوە):

عدكم مجال من هسة ل خمسة و عشرين يوم.

اذا ما تنطونا ستين الف دولار هايل امريكية راح نذبحها ذبح.

پێشمەرگەکە تەماشایەکی بەرپرسی چەکدارە ئەمەریکاییەکان دەکات و دەحەپەسێ.

بەرپرسی چەکدارە ئەمەریکاییەکان:

Welle.

٧٦- ژوورەوە.

لە ناو تاریکیدا. سەربازە ژنە چەکدارە ئەمەریکاییەکە، هەردوو دەستی لە پشتەوەڕا لەسەر کورسییەک بەستراوەتەوە. برسی و تینوو، ماندوو، خەوی لێ کەوتووە. تیشکێکی کزی خۆر لێی دەدا، تەنیا نیوەی ڕووناک دیارە. هەندێک خوێن بە قۆڵییەوە دیارە، لانێوچەوان و چاوێکی مۆر هەڵگەڕاوە.

٧٧- دەرەوە. ئێوارە. دیمەنێکی ناو گوند.

قالە قۆز سەرقاڵی شانەهەنگەکانی خۆیەتی.

کۆمەڵێک پیاوی گوند لەملا و لەولای ڕاوەستاون.

قالە قۆز:

دەبینن..!

یاخوا دەستی ئەم جوندولئیسلام و جوندوڵڵا و ئەنسارولئیسلامانە هەر خۆش بێ!

خوا ئەم حۆرییە جوانەی لە ئاسمانەوە بۆ من ناردبوو. حەلاڵی خۆم

بوو. من خـەریک بووم لە خـۆمم مـارە دەکـرد و دەبووە حـەڵاڵـی خـۆم..
نەتانهێشت.. تا ئەم جوندولئیسلام و ئەنسارولئیسلامانە بردیان و
لێیان زەوت کردم.

قالە قۆز دەنوشتێتەوە، وەک ئەوەی بگری:

چەند جوان بوو، چەندم خۆش دەویست!

دەسا وەڵڵاهی.. "عیفریت الاسلام" و "شەیتان الاسلام"یش بیبا.. هەر
ژنی خۆمە و دەبێ پەیدای بکەمەوە.

قالە قۆز شانەهەنگەکانی جێ دێڵێ و دەڕوا.

یەکێک لە پیاوەکان:

بۆ کوێ قالە قۆز؟

قالە قۆز:

ئەمـجـارە پەیدای بکەمـەوە، ڕەئیـسی ئەمـەریکاش ناتوانێ لێـمی
بستێنێتەوە.

ئەمە ژنی منە تازە.. حۆریی منە و خوا بە دیاری بۆی ناردبووم.

قالە قۆز نەختێک دوور دەکەوێتەوە، بەدەم ڕێوە:

ژنی جـوان نە مـوڵکی ئەمـەریکایە و نە مـوڵکی جـوندولئـیسـلام؛ ژنی
جوان دەبێ عەینەن فریشتە لەم بەهەشتەی سەر زەمین بۆ خۆی ئازاد
بژی..

ژنی من دەبێ ئازاد بژی.

قالە قۆز دوور دەکەوێتەوە.

یەکێک لە پیاوەکان:

بۆ کوێ قالە قۆز؟

قالە قۆز:

من دەزانم لەلای چ سەگبابخێوێکە.

٧٨- دەرەوە. ئێوارە. سەر قەڵای هەولێر: پێش دەرگەی گەورەی قەڵا.

بەردەم پەیکەرەکەی ئیبن مستەوفی: گازینۆیەکی ڕەنگاوڕەنگی خۆش، چەتری ڕەنگاوڕەنگ و تووریستیک بۆ سێبەر دانراون. هەندێک نێرگلەش دەبینین. کچ و کوڕ لەلایەک، خێزان لەلایەک دانیشتوون. کۆشکێک ڕۆژنامە و کۆواران دەفرۆشێ. هەندێک کەس جلوبەرگ و کەلوپەلی دەستیی کوردەواری. لەولاوە مۆسیقاژەنێک مۆسیقا لێ دەدا. لەولاترەوە شاعیرێک شیعر دەخوێنێتەوە. لەولاترەوە نیگارکێشێکی گەنج دانیشتووە کاریکاتێر بۆ تووریستێکی ئەوروپایی دروست دەکا. لەولاتریشەوە کۆمەڵێک نیگارکێش دانیشتون تابلۆ و پۆرترێت دروست دەکەن. قەرەباڵغییەکی جوان و شاد. هەندێ خەڵکیش دانیشتوون ئایسکرێم و شەربەت دەخۆنەوە بەدیار سکرینێکی سینەماییەوە لە بڵندایییەکەدا.

کریستۆف و ڕێبوار لە ناو قەرەباڵغییەکەدا چاو دەگێڕن؛ تەماشای کچەکان دەکەن بەڵکو شەهرەزاد دەدۆزنەوە. کریستۆف لە لاتەنیشتەوە، بەدەم چاوگێڕانەوە لە ڕێبوار دەپرسێ:

ژمارەی دانیشتوانی هەولێر چەندە.. ڕێبوار؟

ڕێبوار:

نزیکەی ملیۆنێک...

کریستۆف:

پووووف..

لە قاڵدرمەکانەوە تووریست و خەڵک سەردەکەون، هەندێکیش دادەبەزن. وێنە دەگرن.

کریستۆف و مامۆستا ڕێبوار بەدەم چاوگێڕانەوە دێن لەسەر کورسی و مێزێک ڕووبەڕووی مزگەوتی شێخەڕەشکە دادەنیشن. ماندوون.

ڕێبوار:

چیت بۆ بێنن؟ بیرەیان نییە.

کریستۆف:

شەربەتێکی پرتەقاڵ.

کریستۆف تەماشای هەولێر دەکات و دیمەنی قسەکردنی خۆی لەگەڵ مەلا سوورە بیر دێتەوە:

٧٩- ژوورەوە. ماڵی مەلا سوورە: ژوورێکی مەیلەو تاریک و ڕەنگاوڕەنگ، شیر و قۆچەگا و دەف و ئایەتی قورئانی و شتی لەم جۆرە بە دیوارەوە هەڵواسراون. لەگەنێکی پڕ لە ئاوی کەسک و سوور لە بەردەمی داندراوە.. هەڵمی لێ هەڵدەستێ.

مەلا سوورە، بە جلوبەرگێکی تایبەتییەوە، دەست بە تەزبیحێکەوە. کریستۆف بەرامبەری دانیشتووە:

خەون زۆر جار لە سەرچاوەیەکی یەزدانی و خێرەوە هەڵدەقووڵێ.

کریستۆف:

من.. کچێک ئەم زانیارییانەم دەداتێ.

مەلا سوورە:

ئەو کچە یان ئەوەتا فریشتەی خوایە، یانیش ئەوەتا عاشقی تۆیە..

خۆشی دەوێی!

تۆی زۆر زۆر خۆش دەوێ.

تۆی.. زۆر زۆر.. خۆش دەوێ.

٨٠- ژوورەوە. بەیانی. عەنکاوە. نووسینگەی ڕێکخراوی فەرەنسییەکان. بەرپرسی ڕێکخراوەکە (ژاکی) و هەندێ لە ئەندامەکانی ڕێکخراوەکە و جانتاکانیان، دەگەنەوە نووسینگەکەیان. کریستۆف لە ژوورەکەی بەدیار کۆمپیوتەرەوە کار دەکا. دەچێتە پێشوازییان و بەخێرهاتنەوەیان لێ دەکا.

ژاکی، پیلی کریستۆف دەگرێ و دەیباتە ژوورەکەی خۆی و دایدەنێ.

ژاکی:

Ecoutes Christophe!

Tu dois nous donner toutes les informations necessaires sur ta copine, Shahrezad.(1)

کریستۆف:

Moi meme aussi je la cherche·(2)

ژاکی لێی ورد دەبێتەوە.

کریستۆف:

C est seullement dans mon reve que je la renconte (fraconte).(3)

ژاکی:

C est seullement dans ton reve que elle te donne tous ces informations clandestines et dangereuses?(4)

کریستۆف:

Bien, oui.(5)

---

(١) ژاکی:

گوێ بگرە کریستۆف!

تۆ دەبێ هەموو زانیارییەکمان بدەیتێ لەبارەی کچە هاوڕێکەتەوە.

(٢) کریستۆف:

من خۆیشم ئێستا بەدوای ئەودا دەگەڕێم.

(٣) کریستۆف:

من، ئەو تەنیا لە خەوندا دەبینم.

(٤) ژاکی:

تەنیا لە خەوندا ئەو هەموو نهێنی و زانیارییە خەتەرانەت دەداتێ؟

(٥) کریستۆف:

بێگومان.

ژاکی:

On t a informe Christophe. Il faut qu on soit raisonable et prudent. Franchement, On doute de ce que tu viens de nous dire.(1)

کریستۆف:

Ca veut dire?(2)

ژاکی:

On ne vous condamne pas d avoire relation avec les Teroristes, maia quqnd meme.. ta copine.. comment elle peut prevenire tout ca?(3)

کریستۆف:

Comme je vous ai dit Monsieur. C est seullement dans mon reve. C est seullemet dans mon reve.(4)

ژاکی تووڕە دەبێ:

Il faut interroger ta copine!(5)

---

(١) ژاکی:

ئەوە ئێمە تۆمان ئاگەدار کردەوە، کریستۆف. دەبێ ماقووڵ بیر بکەینەوە و وریا بین. ڕاست و ڕەوان پێت ڕادەگەینین: ئیمە لە تۆ کەوتووینەتە گومانەوە.

(٢) کریستۆف:

مانای قسەکەتان چییە؟

(٣) ژاکی:

ئێمە تۆمەتبارت ناکەین بەوەی کە تۆ پێوەندیت بە تیرۆریستەکانەوە هەیە، بەڵام کچە هاوڕێکەت.. چۆن دەتوانێ ئەم هەموو زانیارییانەی پێ بێ؟

(٤) کریستۆف:

من پێم گوتن، جەناب، ئەمە تەنیا لە ناو خەونمدا ڕوو دەدا. لە خەونمدا.

(٥) ژاکی تووڕە دەبێ:

دەبێ ئێمە لەو کچەی هاوڕێت بکۆڵینەوە.

کریستۆف:
Mais elle a rien fait. Elle est certainement n est meme pas au courant de ce que je vois dans mon reve.(1)

ژاکی نامەیەک دەخاتە سەر مێزەکەی بەردەم کریستۆف:
Voila.. Nous vous demandons officiallement nous donner des informations sur ta copine, et remplire ca!(2)

کریستۆف تەماشای نامە فەرمییەکە دەکات و هەست بە گیرۆدەیی دەکا.

٨١- دەرەوە. بەیانی. شەقامێکی ناو هەولێر.

ڕێبوار پیاسە دەکا. لە ناکاو تابلۆی سەر ساڵۆنێک دەبینێ: (ساڵۆن شەهرەزاد). سەرنجی ڕادەکێشێ و لێی نزیک دەبێتەوە، دەیەوێ بچێتە ژوورەوە. لە دەرگە دەدا. کچێکی شاگردی ئەوێ دەرگەی لێ دەکاتەوە.

ڕێبوار:

ببوورە.. کچێک لێرە کار دەکا بەناوی شەهرەزاد؟

کچە شاگردەکە سەری لە دەرگەوە:

بەڵێ.

دەتوانی پێی بڵێی مامۆستا ڕێبواری موتەرجیم دەیەوێ قسەیەکی لەگەڵ بکا!

کچەکە:

بەسەرچاو!

---

(١) کریستۆف:

بەڵام ئەو هیچی نەکردووە. شەهرەزاد حەتمەن ئاگایشی لەوە نییە: من لە خەونی خۆمدا چی دەبینم و چی نابینم.

(٢) ژاکی نامەیەک دەخاتە سەر مێزەکەی بەردەم کریستۆف:

ئەمەتا.. ئێمە بەشێوەیەکی فەرمی داوات لێ دەکەین زانیاریمان لەبارەی کچە هاوڕێکەت پێ بدەیت و ئەم کاغەزەش پڕ بکەیتەوە.

ڕێبوار بیر دەکاتەوە و نیگەرانە.

شەهرەزاد لە ناو دەرگەکە ڕادەوەستێ:

ئۆو.. مامۆستا ڕێبوار. فەرموو.

ڕێبوار:

چۆنی شەهرەزاد خان. زۆر خۆشحاڵم. گوێ بگرە.. کریستۆف زۆر حەز دەکا چاوی پێت بکەوێ!

شەهرەزاد:

کێ؟!

ڕێبوار:

کریستۆف. کریستۆفی فەرەنسی.

شەهرەزاد:

ئاا. خێرە؟! من ناتوانم چی تر بەموتەرجیم لەگەڵی کار بکەم. تکایە تۆ خۆت ئەمەی پێ بڵێ و تەواو.

ڕێبوار:

حەزی دەکرد بتبینێ. وابزانم بۆ مەسەلەیەکی تریەتی.

شەهرەزاد:

مەسەلەی تر؟!

ڕێبوار:

تکایە.. شەهرەزاد خان.

شەهرەزاد بیر دەکاتەوە.

٨٢- دەرەوە. پێش نیوەڕۆ. عەنکاوە. بەردەم نووسینگەی ڕێکخراوی فەرەنسییەکان.

ڕێبوار لە زەنگی دەرگەکە دەدا. لە تۆماری سەر دەرگەکەوە، لێی دەپرسن:
Vous etes?(1)

---

(١) ڕێبوار لە زەنگی دەرگەکە دەدا. لە تۆماری سەر دەرگەکەوە، لێی دەپرسن:
جەنابت..؟

ڕێبوار:

Mr Reebwar l Interpret ou le prof. de Mr Christophe.[1]

دەنگ:

C est interdit Mr. Vous pouvez l appeller a son Mobile.[2]

ڕێبوار:

Ah bon?![3]

٨٣- ژوورەوە. ئێوارە. ناو حەوشەی مۆزەخانە دێرینەکەی ناو قەڵای هەولێر.

پارچە مۆسیقایەکی کوردیی ڕەسەن لە ناو سەرجەم هۆڵ و ژوورەکانی مۆزەخانەکە. چەند تووریستێک بەناو ژوورەکانی مۆزەخانەکەدا دەگەڕێن و تەماشای کەلوپەل و تابلۆکان دەکەن و وێنە پێکەوە یان بە تەنیا دەگرن، هەروەها وێنەی کەرەستەکانیش.

کریستۆف و شەهرەزاد پیاسە دەکەن بەناو ژوورەکاندا و تەماشا دەکەن.

کریستۆف و شەهرەزاد دێن لە ناو حەوشە (کافتیریا)ی مۆزەخانەکە بەرامبەر یەکتر دادەنیشن.

شەهرەزاد (وەک نوکتەیەکی بیر هاتبێتەوە. پێ دەکەنێ):

C est incroyable![4]

---

(١) ڕێبوار:

من.. ڕێبوار.. موتەرجیم و مامۆستای میۆ کریستۆف.

(٢) دەنگ:

قەدەغەیە، مسیۆ. دەتوانیت تەلەفۆنی بۆ بکەیت.

(٣) ڕێبوار:

بەڕاست؟ ها؟!

(٤) شەهرەزاد:

سەیرە.. باوەڕ ناکەم.

چایچییەکە دوو چایان لە پێش دادەنێ و دەڕوا.

شەهرەزاد:

تۆ بەڕاستیتە ئەم قسانەم بۆ دەکەی؟

کریستۆف:

هاتیتە خەونم پێت گوتم (لەگەڵ ڕیمی نەچیتە دهۆک، چونکە ڕیمی لەسەر ڕێگەی دهۆک جێبەکەی وەردەگەڕێ). بەگوێتم کرد و نەچووم. ڕیمی لەسەر ڕێگەی دهۆک جێبەکەی وەرگەڕا.

شەهرەزاد (سەرسام بووە):

لە ڕۆژنامەکاندا خوێندمەوە.

کریستۆف:

هاتیتە خەونم و پێت گوتم (لەگەڵ فەرەنسییەکانی برادەرت نەچیتە بەغدا بۆ کۆبوونەوەکەی سێرجیۆ دی مێلۆی نوێنەری UN لە بەغدا) بەگوێتم کرد و نەچووم. سێرجیۆ دی مێلۆ تیرۆر کرا و تەقینەوەیەکی گەورە لەو کۆبوونەوەیە ڕووی دا.

شەهرەزاد (سەرسام بووە):

ئەمەشم لە ڕۆژنامەکاندا خوێندەوە.

کریستۆف:

تۆ.. دێیتە خەونم و پێشگۆییم بۆ دەکەی. تۆ تا ئێستا دوو جاران ژیانی منت لە مردن ڕزگار کردووە.. شەهرەزاد.

شەهرەزاد بە پێکەنینەوە:

Beh.. C est bien.(1)

کریستۆف:

تۆ سیحربازی.. شەهرەزاد.

---

(١) شەهرەزاد بە پێکەنینەوە:
ئاه ئەمە باشە.

پاشان بەدەنگی نزم:

تۆ منت مەفتوونی خۆت کردووە.

پاشان بەدەنگێکی نزمتر:

تۆ منت خۆش دەوێ شەهرەزاد؟!

شەهرەزاد پێ دەکەنێ وەک ئەوەی گاڵتەی پێ بکا. پاشان پێی دەڵێ:

Si mon frere entend ce que tu me dit, il va m egerger.[1]

کریستۆف:

ئێستا بە جیدی پێم بڵێ: تۆ سیحربازیت؟ هیچ سیحرت لێ کردووم؟ بەڕاست پێم بڵێ شەهرەزاد؟

شەهرەزاد:

کریستۆف گوێ بگرە. تۆ پیاوێکیت باوەڕت بە لۆجیک هەیە، وابزانم. تۆ ئەگەر ڕاستیش بکەی لەو قسانەی کە دەیکەی؛ باش بزانە – خۆشت دەزانیت: من نەبوویمە کە ئەو پێشگۆییانەم بۆ کردووی. تۆ خۆت خەونت دیوە. گوناهی من چییە؟ من چی بکەم؟!

شەهرەزاد هەڵدەستێتەوە:

من دەبێ بڕۆم.

کریستۆف دایدەنیشێنێتەوە:

شەهرەزاد. یارمەتیم بدە!

شەهرەزاد:

باشە چیت بۆ بکەم؟ گوناهی من چییە کە دێمە خەونت؟

کریستۆف:

ئەمە ئاسایی نییە.

---

(١) شەهرەزاد:

ئەگەر براکەم گوێی لەم قسانەی تۆ بێ، سەرم دەبڕێ.

شەهرەزاد:

چی...!

کریستۆف:

ئاسایی نییە کە تۆ دێیتە خەونم و هەرچی شتێکم پێ دەڵێی؛ ڕاست دەردەچێ! ئەمە تشتەکی ئاساییە؟!

شەهرەزاد (کەمێک بەتووڕەیییەوە):

ئێ من چی بکەم؟ گوناحی من چییە کە دێمە خەونت؟!

کریستۆف (ئەویش بە کەمێک تووڕەیییەوە):

تۆ منت.... خەریکە شێت دەبم.

هەردووکیان هەست دەکەن کە دەنگیان کەمێک لە یەکتر بەرز کردووەتەوە. چایچییەکە هەستیان پێ دەکا.

کریستۆف دەنگی نزم دەکاتەوە، وەک ئەوەی لێی بپاڕێتەوە:

تۆ دێیتە خەونم.. شەهرەزاد!

شەهرەزاد (بە دەنگی نزم. وەک بڵێی لێی بپاڕێتەوە):

گوناحی من چییە کە دێمە خەونت؟ پێم بڵێ گوناحی من چییە.. کریستۆف؟

کریستۆف:

باشە، تۆ چۆنت زانی سەربازە ژنە ئەمەریکییەکە دەکەوێتە ناو باوەشی جووتیارە کوردەکە؟

شەهرەزاد:

چوزانم. خەونێکم دیت و بەڕاست گەڕا. خۆ من هەموو ڕۆژێک و بۆ هەر موناسەبەتێک خەونێک نابینم. ئەوە تەنیا ڕێککەوتێک بوو. ئای...

کریستۆف:

ئەدی باشە.. دواتر.. تۆ چۆنت زانی من پەساپۆرتەکەم بزر دەکەم؟

شەهرەزاد:

من دەستم بۆت دەخوێندەوە. لە کاتی دەستخوێندنەوە، هەزار شتی ئاوها قۆڕ دەگوترێن. پاشان هەزار کەس هەن پەساپۆڕتیان بزر دەکەن.

کریستۆف:

تۆ هاتیتە خەونم و گوتت (مەچۆرە کۆبوونەوەکەی بەغدا، چونکە تیرۆریستەکان دێن شوێنی کۆبوونەوەکەتان دەتەقێننەوە و سێرجیۆ دی مێلۆی نوێنەری UN لە بەغدا تیرۆر دەکەن). من بەگوێی تۆم کرد، نەچووم. پاشان قسەکەی تۆ بەڕاست گەڕا. تۆ بووی هاتیتە خەونم و ئەمەت پێ گوتم.

شەهرەزاد:

گوناحی من چییە هاتوومەتە خەونت؟

کریستۆف:

ئەگەر بەقسەی تۆم نەکردایە، ئەگەر تۆ پێت نەگوتمایە.. من ئێستا کوژرابووم.

شەهرەزاد پێ دەکەنێ:

ئێ خراپم کردووە؟ خراپم کردووە پێم گوتووی؟!

کریستۆف:

تۆ چۆنت زانی ئەگەر لەگەڵ ڕیمی سەفەرم بکردایە بۆ دهۆک.. منیش دەمردم؟

شەهرەزاد:

کریستۆف.. لێم حاڵی بە..

Soit raisonable! Ce n est pas moi qui t avait dit ca.(1)

---

(١) شەهرەزاد:

کریستۆف.. لێم حاڵی بە.. ئەمە من نەبوومە کە ئەو قسانەی بۆت کردووە.

من نەبوومە ئەمەم بە تۆ گوتووە. تۆ بۆچی تێ ناگەی؟

باشە.. لەمەودوا ئەگەر هاتمە خەونت و قسەیەکم پێ گوتی.. بە قسەم مەکە! باش!

شەهرەزاد هەڵدەستێتەوە بڕوا. دەگەڕێتەوە:

کریستۆف.. لەوانەشە هی ئەوە بێ کە تۆ زۆر بیر لە من دەکەیتەوە.

چی تر بیر لە من مەکەوە. من لە بیری خۆت دەرکە!

کریستۆف:

شەهرەزاد.. تۆ خۆت فێری کوردیت کردم.

شەهرەزاد (بە ناز و مەکرەوە):

ئێ..؟

کریستۆف:

تۆ وات لێ کردم کوردستانم خۆشتر بوێ.

شەهرەزاد (بە ناز و مەکرەوە):

کارێکی خراپم کرد؟

کریستۆف:

شتێکی جوان لە تۆوە لە ناو دڵم سەوز بووە.

شەهرەزاد (چاوی داگرتووە، بێدەنگ)

کریستۆف:

دڵنیاشم ئەگەر بێی لەگەڵ من بژیت لە فەرەنسا؛ ژیانێکی ئاسوودەت بۆ دروست دەکەم.

شەهرەزاد:

من حەز ناکەم بێم لە ئەوروپا بژیم. ئەوروپا ڕەفتار و کەسایەتیت دەکاتە شتێکی تەواو جیاواز.

من هەموو جار ئەمە بە خوشکە گەورەکەشم دەڵێم.

کریستۆف:

باشە.. ئەگەر حەز بکەی.. هەر لێرە دەمێنینەوە.

شەهرەزاد:

تۆ ڕیپۆرتاجەکانت لەسەر ئەوە دروست دەکەی کە بۆچی کورد ڕادەکەنە ئەورووپا و لەوێ دەبنە پەناهەندە.

ئێستا دەتەوێ خۆت لێرە ببیتە پەناهەندە؟!

شەهرەزاد پێ دەکەنێ.

کریستۆف:

لە پێناو تۆ .. ئا.. لە کوردستان دەبمە پەناهەندە. کار دەکەم.

شەهرەزاد بەدەم زەردەخەنەیەکی میهرەبانەوە دەستێک بە سەری کریستۆف دادەهێنێ:

ئەگەر برام لەگەڵ تۆم ببینێ، لێم خۆش نابێ.

من دەبێ بڕۆم.

شەهرەزاد بە نیگایەکی میهرەبان و خۆشەویستییەوە تەماشای دەکا:

ئاگەداری خۆت بە!

شەهرەزاد لە لای دەرگە، پێش ئەوەی بچێتە دەرەوە بە هەمان شێوە تەماشای دەکا. پەنجەکانی خواحافیزیی بۆ دەجووڵێنێ.

کریستۆف بەپەلە ڕادەکاتە ناو توالێتی مۆزەخانەکە، لەوێ – لە ناو توالێت – بەکوڵ دەگری.

٨٤- ژوورەوە. نووسینگەی ڕێکخراوی فەرەنسییەکان.

ژاکی لەسەر کۆمپیوتەر لە دۆسیە و چالاکییەکانی کریستۆف دەکۆڵێتەوە.

دوو لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە کەوتوونەتە نووسینگەکەی کریستۆف: کون بەکونی هەموو شوێنێک و هەموو شتێکی، پاشان ناو کۆمپیوتەرەکەیشی.. هەمووی دەپشکنن. دەگەڕێنەوە لای بەرپرسەکەیان.

ژاکی ڕوویان تێ دەکا و چاوەڕێی وەڵامێکە.

یەکێکیان:

Rien, Monsieur(1)

ئەوی تریان:

Rien.(2)

٨٥- دەرەوە. بەیانییەکی زوو. گوندێک.

سەربازی ئەمەریکی بەهاوکاریی پێشمەرگە شەڕ لەگەڵ چەکدارە ئیسلامییەکان دەکەن.

چەکدارە ئیسلامییەکان بەرگری دەکەن.

چەکدارە ئیسلامییەکان بەخۆیان و ژنە سەربازە ئەمەریکاییەکە لە کلکەی شاخێکەوە ئاودیو دەبن و.. لە مەڵبەندی هێرشی ئەمەریکایەکان ڕزگاری دەکەن. سەربازە ئەمەریکییەکان هەست بە شکست دەکەن. سەرکردەکەیان بە دووربین تەماشا دەکا.

٨٦- ژوورەوە. نووسینگەی ڕێکخراوی فەرەنسییەکان.

ژاکی، بەرپرسی نووسینگەی ڕێکخراوەکە:

Il faut que tu aille en Espagne! On vous attends a Madrid! La semaine prochaine Samedi.(3)

---

(١) یەکێکیان:

هیچ، بەڕێزم.

(٢) ئەوی تریان:

هیچ

(٣) ژاکی، بەرپرسی نووسینگەی ڕێکخراوەکە:

دەبێ بچیت بۆ ئیسپانیا. ستافی کارەکەمان لە مەدرید چاوەڕێتن. هەفتەی داهاتوو ڕۆژی شەموو.

کریستۆف:

D accord Monsieur.(1)

٨٧- ژوورەوە. شەو. دیوەخانی ماڵی خوسرەو جاف، نووسەر و هونەرمەندێکی ناوداری کورد، دەعوەتی کریستۆفی کردووە.

دیوەخانی خوسرەو جاف دیوەخانێکی شکۆمەند و ڕازاوە، تیپێکی مۆسیقاییی پێنج کەسی، دانیشتوون.

خوسرەو جاف لە میکرۆفۆنەوە کریستۆف بە مێوانەکانی خۆی دەناسێنێ:

مێوانە بەڕێزەکانم، بەخێر بێن هەموو لایەک.

من ئەمشەو زۆر خۆشحاڵم کە هەمووتانم لەسەر شەرەفی مسیۆ کریستۆف دەعوەت کردووە بۆ دیوەخانەکەی خۆم.

مسیۆ کریستۆف ڕۆژنامەنووسێکی فەرەنسییە، ماوەیەکە لە کوردستانە بۆ ئەوەی چەند ڕیپۆرتاجێک لەبارەی پەناهەندەکانی کورد لە ئەوروپا ساز بدا. هاتووە بۆ کوردستان بۆ ئەوەی لەو هۆکارانە بکۆڵێتەوە کە کورد ناچار دەکەن ئەمڕۆ سەرهەڵبگرن بەرەو ئەوروپا.

مسیۆ کریستۆف لەو ماوەیەی لە کوردستان بووە، کوردییەکی باشیش فێر بووە و کوردی خۆش دەوێ. دۆستی کوردە. من بەناوی خۆم و بەناوی هەمووتانەوە بەخێرهاتنی لێ دەکەم و بە هەمووشتان ڕادەگەیەنم کە من ئەمشەو ئەم ئێوارەخوانەم لەسەر شەرەفی ئەو ساز داوە: چونکە چەند ڕۆژێکی تر بەیەکجاری کوردستان جێ دەهێڵێت و دەگەڕێتەوە ئەوروپا.

خوسرەو جاف بە زەردەخەنەیەکەوە تەماشای کریستۆف دەکا:

ڕاستییەکەی.. ڕاژەی خزمەت و کارەکەی لە کوردستانەوە دەگوازنەوە بۆ ئیسپانیا.

---

(١) کریستۆف:

باشە، بەڕێزم.

من دڵنیام دڵی زۆر بەوە توندە کە ڕێکخراوەکەی دەیگوازێتەوە ئیسپانیا، بەڵام هیواداریین لەوێش هەر سەرکەوتوو بێت و لەوێش هەر دۆستایەتیی خۆی لەگەڵ کوردان نەپچڕێنێت.

دووبارە بەخێرهاتنی هەمووتان دەکەمەوە و ئاواتەخوازم کریستۆفی هاوڕێمان لە ئیسپانیاش و لە هەر کوێیەکی دنیا هەر دۆست و خۆشەویستی ئێمە بمێنێتەوە.

خوسرەو جاف پەرداخی شەڕابەکەی بەرز دەکاتەوە و هەموو مێوانەکانی تریش بەهەمان شێوە.

خوسرەو جاف: نۆش...!

مێوانەکان چەپڵە لێ دەدەن و دەنگی مۆسیقای کوردی بەرز دەبێتەوە.

٨٨- ژوورەوە. شەو. ژووری نووستنی کریستۆف. هێمن و ئارام.

کریستۆف ماندوو خەوی لێ کەوتووە، خەون دەبینێ:

٨٩- خەون: شەهرەزاد، جوانتر و سەرنجڕاکێشتر لە هەمیشە، عەینەن سیحربازێک:

کریستۆف.. غەریبیت دەکەم!

کریستۆف (شاگەشکە بووە لە خۆشییان. وەک بڵێی بگری):

غەریبیت دەکەم شەهرەزاد.

لێم گەڕێ توخوا باوەشێکت پێدا بکەم.

شەهرەزاد:

کریستۆف.. برا گەورەکەم بەمە بزانێ لێم نابووری!

کریستۆف:

من خۆشم دەوێی، شەهرەزاد. خۆشم دەوێی.

شەهرەزاد:

کێ بوو هەر لە یەکەم کاتژمێری گەیشتنتەوە تۆی دالْدە دا و ویستی گیانی تۆ بپارێزێ؟ بەبیرتە؟

کێ بوو تۆی لە دەست چەکدارەکان ڕزگار کرد و ویستی تۆ نەجات بدا لە ئاکرێ؟ من نەبووم؟ ها؟

من هەر لە یەکەم بینینەوە خۆشم ویستی. نەشمدەزانی فەرەنسیت یان کوردیت یان عەرەب یان تورک یان ئیتالّی. خۆشم ویستیت کریستۆف.

بەلاّم برام لێم ناگەڕێ بتبینم.

من دەستوپێم بە پێوەندەکانی عەشیرەت بەستراونەتەوە.

من و تۆ ناتوانین بۆ یەکتر ببین.

کریستۆف:

وەرە لەگەلّ خۆم دەتبەم بۆ فەرەنسا.

شەهرەزاد:

دەبێ ڕەدوو بکەوم.

ئەمەش ڕیسواییە کە من بەبێ ڕەزامەندیی باوکم و برا گەورەم شوو بە تۆ بکەم.. ناتوانم.

کریستۆف:

تۆ منت بەڕاستی خۆش دەوێ، شەهرەزاد؟!

شەهرەزاد:

ئا، بەلاّم من تەنیا ئەوەندەم پێ دەکرێ پارێزگاریی ژیانت بکەم.

چونکە ژیانی تۆ لێرەش و لە ئەوروپاش هەمووی بە مردن ئابلّووقە دراوە.

تیرۆر لە هەموو شوێنێک هەڕەشە لە ژیانی مرۆڤ دەکا. ئێوەی

ئەوروپایی غەڵەت تێگەیشتوون کە تیرۆر و تیرۆریزم تەنیا لەلای ئێمە هەیە.

تیرۆر لە هەموو وڵاتێک هەڕەشە لە چارەنووسی مرۆڤ دەکا. بەدبەختی و شەڕ لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە هەڕەشە لە ژیانی مرۆڤ دەکا.

من خۆشم دەوێیت و دەمەوێ بتپارێزم.. لە هەرچی شوێنێک بیت، فەرق ناکا.

گوێ بگرە کریستۆف!

تۆ لەم ڕۆژانە سەفەرێک دەکەی بەرەو ئیسپانیا. کارەکەتیان گواستووەتەوە بۆ مەدرید. کریستۆف گیان.. نەچی بۆ مەدرید!

کریستۆف:

بۆ؟

لە ڕێگەی سەفەرت، تیرۆریستەکان دێن شەمەندەفەرەکەت دەتەقێننەوە!

سەدان کەس دەکوژرێن و سەدانی تریش بریندار دەبن.

نەچی! ئەو سەفەرە نەکەی!

چونکە ناچار دەبی سواری ئەو شەمەندەفەرە ببیت کە دەتەقێندرێتەوە.

نەچی بۆ ئیسپانیا!

تیرۆریستەکان دێن ئەو شەمەندەفەرە دەتەقێننەوە...

کریستۆف:

ئاخر من ڕێکخراوەکەمان و تەلەڤزیۆنیش داوایان لێ کردووم بچم بۆ ئەوێ. ڕاژە و کارەکەم گواستراوەتەوە ئەوێ. دەبێ بڕۆم.

شەهرەزاد:

کریستۆف گیان.. نەچی! پێت دەڵێم «نەچی!». ئەو شەمەندەفەرە دەتەقێندرێتەوە: سەدان کەس دەکوژرێن و سەدانی تریش بریندار دەبن. نەچی!

کریستۆف:

شەهرەزاد..

شەهرەزاد:

پێت دەڵێم، نەچی.. کریستۆف! تیرۆر دەکرێی.. نەچی! تیرۆر دەکرێی.. تیرۆر...

٩٠- دەرەوە. ئیسپانیا. هێڵی ئاسنیی نێوان مەدرید - شارێکی تر.

دەنگ و دیمەنی تەقینەوەی شەمەندەفەرەکەی ڕێگەی مەدرید.

سەدان کەس لە ناو خوێنی خۆیاندا کەوتوون یان بریندارن.

کوژراو. بریندار.

هاتوهاواری خەڵک.

پۆلیس. ئۆتۆمۆبێلەکانیان.

کامێراکانی تەلەڤزیۆن و سەتەلایت و ڕۆژنامەنووسەکان.

٩١- کریستۆف لە خەو بێدار دەبێتەوە.

٩٢- ژوورەوە. ماڵی مەلا سوورە: ژوورێکی مەیلەو تاریک و ڕەنگاوڕەنگ، شیر و قۆچەگا و دەف و ئایەتی قورئانی و شتی لەم جۆرە بە دیوارەوە هەڵواسراون. لەگەنێکی پڕ لە ئاوی کەسک و سوور لە بەردەمی دانراوە، هەڵمێکی لێ هەڵدەستێ.

مەلا سوورە، نوورانی و میهرەبان، بە جلوبەرگێکی تایبەتییەوە، دەست بە تەزبیحێکەوە.

کریستۆف بەتەنیا لە بەرامبەری دانیشتووە.

کریستۆف:

مرۆڤ چۆن دەتوانێ خەونی باش و خراپ لە یەکتری جودا بکاتەوە، یاشێخ؟

مەلا سوورە:

چی؟!

کریستۆف:

کاتێ ئینسان خەونێک دەبینێ؛ چۆن بتوانێ بزانێ کە شتێکی باشە ئەگەر بە قسەی خەونەکەی بکات؟ چۆن دەتوانێ بزانێ کە شتێکی خراپی لێ دەکەوێتەوە ئەگەر بە گوێی خەونەکەی نەکات؟

مەلا سوورە:

ئینسان تەنیا دەتوانێ خەون ببینێ.. هەرگیز ناتوانێ ڕاستی بزانێت.

هەر ئەمەیشە مەرگەساتی مرۆڤ، کوڕی خۆم!

کریستۆف (بێدەنگ، بیر دەکاتەوە).

مەلا سوورە:

خەون وەکو عەشق وایە.. تۆ دەتوانی تەنیا عاشق ببیت، بەڵام نازانیت ئاخۆ دواتر ئەم عەشقە چیت بۆ دەهێنێ، یان چیت بەسەر دێنێ: باشە یان خراپە؟ بەختەوەری؛ یان بەدبەختی!؟

کریستۆف (بێدەنگ، بیر دەکاتەوە).

مەلا سوورە (دەست بەسەر سەری کریستۆفدا دەهێنێ):

تۆ عاشقیت، کوڕی خۆم!

کریستۆف دڵی تەنگە، چاوەکانی خۆی بەهەموو هێزی خۆی دەگوشێتە ناو ڕۆحی خۆیەوە.

مەلا سوورە:

هەر ئەم عەشقەیش وای لێ کردووی کە بتوانیت پێشگۆیی بکەیت و پێشبینیی بکەی..

٩٣- ژوورەوە. پاش نیوەڕۆ. عەنکاوە. نووسینگەی ڕێکخراوی فەرەنسییەکان.

کریستۆف هەست دەکا کە دەسکاریی ژوورەکەی کراوە؛ کۆمپیوتەرەکەی و کەلوپەلەکانی پشکنراوە. بەتووڕەیییەوە نامەیەک بەپەلە دەنووسێت و دێتە لای ژاکی و پێی دەڵێ:

Monsieur Jaqui, Voila ma demicion SVP.(1)

ژاکی:

Que est-c ee qu il y a ?(2)

کریستۆف:

Je ne parte pas pour  Espgane.(3)

ژاکی:

C est pour cella que vous demicionnez?(4)

---

(١) کریستۆف:

مسیۆ ژاکی، فەرموو ئەمە دەست لەکارکێشانەوەی من، چی تر لەم ڕێکخراوە کار ناکەم.

(٢) ژاکی:

چییە.. خێرە.

(٣) کریستۆف:

من ناچم بۆ ئیسپانیا.

(٤) ژاکی:

هەر بۆیەش دەست لە کار دەکێشیتەوە؟

کریستۆف:

parceque vous me prenez pour un teroriste parmis vous!
Je voudrais me debaraser de vous et etre libre.[(1)]

کریستۆف جانتایەک و کۆمپیوتەرە لاپتۆپەکەی خۆی کۆ دەکاتەوە و دەڕوا.
هەموویان بەسەرسوڕماوییەوە تەماشای دەکەن.

٩٤- دەرەوە. پاش نیوەڕۆ. بەردەرگەی هوتێلێک.

کریستۆف قسە لەگەڵ پێشوازی هوتێلەکە دەکات، پاشان کلیلەکەی لێ وەردەگرێت و دەچێتە ژوورەکەی خۆیەوە لە هوتێلەکە. جانتاکەی فڕێ دەداتە سەر قەرەوێڵەکەی و دادەنیشێ دەموچاوی لە ناو دەستی دەنێت و دەگریت.

٩٥- دەرەوە. ئێوارە. ناو شاخ و داخێکی سەخت. قالە قۆز بە سواری ئەسپێکەوە دەگاتە ناو گوندێک. دادەبەزێ. خۆی دەکا بەناو ماڵێکدا.
تەق و تۆقی گوللە لە دوورەوە دێ.

٩٦- ژوورەوە. پاش نیوەڕۆ. ژووری هوتێلەکەی کریستۆف.
کریستۆف دانیشتووە نامەیەک لە ئەنتەرنێتەوە دەخوێنێتەوە.

Mon cher fils, Christophe..
Je ne crois pas a ce que tu me raconte la.
J aime que tu reviens a Paris le plus vite possible![(2)]

---

(١) کریستۆف:
لە هەمان کاتدا چونکە ئێوە من دەخەنە ڕیزی تیرۆریستەکانەوە.
بۆیە دەمەوێ لە دەست ئێوە ڕزگارم ببێت؛ کەرامەت و ئازادیی خۆم وەدەست بهێنمەوە.

(٢) کوڕی شیرینم، کریستۆف
من بڕوا بەو شتانە ناکەم کە تۆ بۆمیان دەگێڕیتەوە. چۆن دەشێ شتی وا ڕوو بدا؟ حەز دەکەم بەزووترین کات بگەڕێیتەوە پاریس.

٩٧- ژوورەوە، پاش نیوەڕۆ. عەنکاوە، نووسینگەی ڕێکخراوی فەرەنسییەکان.

ژاک و هەموو ئەندامانی ڕێکخراوەکە دانیشتوون تەماشای سەتەلایت دەکەن:

ئیسپانیا، هێڵی ئاسنیی نێوان مەدرید - شارێکی تر.

دیمەنی تەقینەوەی شەمەندەفەرەکەی ڕێگەی مەدرید،

سەدان کەس لە ناو خوێنی خۆیاندا کەوتوون یان بریندارن.

هاتوهاواری خەڵک.

پۆلیس، ئۆتۆمۆبێلەکانیان.

هەموویان سەرسام تەماشای یەکتر دەکەن.

٩٨- ژوورەوە، پاش نیوەڕۆ. ژووری هوتێلەکەی کریستۆف.

کریستۆف دانیشتووە تەماشای سەتەلایت دەکا: دیمەنی تەقینەوەی شەمەندەفەرەکەی ڕێگەی مەدرید،

کوژراو، بریندار،

کامێراکانی تەلەڤزیۆن و سەتەلایت و ڕۆژنامەنووسەکان بە دەوری تەقینەوەی شەمەندەفەرەکە،

کریستۆف سەری سوڕ دەمێنێ و سەری خۆی لە ناو دەستی خۆیدا دەگرێ:
C est impossible! Impossible!(1)

کریستۆف دەست دەداتە چاکەتەکەی و ڕادەکاتە دەرەوە.

٩٩- دەرەوە، هەولێر، سەرەتای شەقامی پزیشکان، بەردەم چێشتخانەی سەفین.

---

(١) کریستۆف:

ئەمە چۆن دەکرێ ڕاست بێ؟!

کریستۆف و ڕێبواری وەرگێڕ دانیشتوون.

شاگردەکە لەسەر سینییەک دوو ساردییان لەگەڵ دوو پەرداخ لە بەردەم دادەنێ.

کریستۆف:

C est incroyable![1]

کریستۆف شپرزە و نیگەران، جار جار سەری خۆی لە ناو دەستەکانی دەگرێ و بیر دەکاتەوە: باوەڕ بەوە ناکا ئەوەی بەسەری هاتووە؛ ڕاستە.

کریستۆف:

ئەمە بۆ کەس نەگێڕیتەوە.. ئەمەی پێم گوتی!

ڕێبوار:

دڵنیابە.

کریستۆف:

ئەگینا گومانی زیاترم لێ دەکەن. گومان لە شەهرەزادیش دەکەن.

ڕێبوار:

کورد بۆچی لە کوردستان غاردەدەن و دەچن لە ئەوروپا دەبنە پەناهەندە.. کریستۆف؟

کریستۆف، شپرزە، وەک ئەوەی گوێی لە ڕێبوار نەبێ.

ڕێبوار:

تۆ ڕیپۆرتاجەکەت لەبارەی ئەم پرسەوە تەواو کرد؟

کریستۆف نیگەران و شپرزە:

بەدبەختی و تیرۆر و بەڵا لە هەموو شوێنێک هەیە.. ڕێبوار. لە هەموو

---

(١) کریستۆف:

باوەڕ ناکەی ڕاست بێ!

شوێنێک. ئێمەی ئەوروپایی بەغەڵەت وا تێگەیشتووین کە بەدبەختی تەنیا لەلای ئێوە هەیە. ئەسڵەن ئێوە بەختەوەرتریشن لە چاو ئێمە.

ڕێبوار:

ژمارەی کوژراوەکانی ناو شەمەندەفەرەکەی ئیسپانیا ئەمڕۆ گەیشتووەتە (٢٨٥) کەس.

کریستۆف نیگەران و شپرزەیە.

ڕێبوار:

نەدەبووایە ئیستیقالە بدەی..!

کریستۆف بێدەنگە.

ڕێبوار:

حەیفە کە تۆ ڕیپۆرتاجەکەت تەواو نەکرد.. کریستۆف!

کریستۆف:

خەریکە مێشکم ڕادەوەستێ.

ڕێبوار:

ئەرشیف و فیلمەکانی وێنەت گرتوون چییان لێ دەکەی؟

کریستۆف:

دەمەوێ بگەڕێمەوە فەرەنسا..

بەیەکجاری بگەڕێمەوە.

ڕێبوار:

بۆ؟

کریستۆف:

ئەدی چیم پێ گوتی! گومانیان بۆ ئەوە چووە کە من لەگەڵ تیرۆریستەکان کار دەکەم.

ڕێبوار:

ئەگەر وابێ، خۆ دەتوانن لە فەرەنساش هەر وازت لێ نەهێنن.

کریستۆف:

بێگومان.. چونکە تیرۆر لە هەموو دنیا هەیە،

لە ئەوروپاش. لە فەرەنساش.

ڕۆژ نییە ژوورەکەم نەپشکنن.

پاشان.. بۆ خۆشم.. بەدەست شەهرەزادەوە زۆر ماندووم.

دەمەوێ بگەڕێمەوە پاریس.. بەڵکو شەهرەزادم بیر بچێتەوە.

ڕێبوار:

تۆ شەهرەزادت خۆش دەوێ.. کریستۆف.

کریستۆف:

ڕێبوار.. من باش دەزانم کە.. من بۆ ئەو هیچ پێویست نیم بەڵام باوەڕ بکە کاتێ بیر لەوە دەکەمەوە کە هەوڵ بدەم بەبێ ئەو بژیم؛ خەریکە دڵم ڕادەوەستێ.

١٠٠) دەرەوە. نیوەڕۆ. هەولێر. شەقامی شۆڕش. (ئۆستریان ئێر لاین).

کریستۆف دەچێ بلیت دەبڕێ.

١٠١- ژوورەوە. ئۆفیسی ئۆستریان ئێر لاین.

ژنێکی کارمەند:

کاتژمێر پێنج و نیوی ئێوارە. ڕۆژی ٤/٢٢ واتە چوار ڕۆژی تر فڕۆکەت هەیە: هەولێر- عەمان - پاریس.

١٠٢- دەرەوە. ئێوارەیەکی درەنگ. گوندێک.

سەربازی ئەمەریکی بەهاوکاریی پێشمەرگە شەڕ لەگەڵ چەکدارە

ئیسلامییەکان دەکەن.

چەکدارە ئیسلامییەکان بەرگری دەکەن.

چەکدارە ئیسلامییەکان بە خۆیان و ژنە سەربازە ئەمەریکاییەکە لە کلکەی شاخێکەوە ئاودیو دەبن و... لە ماڵبەندی هێرشی ئەمەریکایەکان ڕزگاری دەکەن.

سەرۆکی سەربازە ئەمەریکییەکان هەست بە شکست دەکا، تووڕە، تفێک دەکاتە سەر زەوی.

١٠٣– ژوورەوە. ئێوارە. هەولێر. کافتریایەکی خۆش.

کریستۆف و شەهرەزاد بەرامبەر یەکتر دانیشتوون.

شەهرەزاد:

داوای لێبوردنت لێدەکەم، کریستۆف: خەتای من نیە کە دێمە خەونت.

تۆ خۆت دەزانی من هیچ گوناحێکم نییە. تۆ خۆت خەون بە منەوە دەبینی و ئەم شتانە دێنە خەونت.

کریستۆف:

هاتووم تەنیا خواحافیزیت لێ بکەم، شەهرەزاد.

شەهرەزاد:

بەڵام وەک دیاریشە، هەموو خەونەکان خێریان بۆ تۆ هەبووە.

کریستۆف بەدڵێکی تەنگەوە هەڵدەستێ.

شەهرەزادیش هەڵدەستێتەوە و تەماشای ناو چاوی دەکا:

وانییە؟!

کریستۆف:

سوپاس بۆ ئەوەی کە ئەم جارەش لە مردن ڕزگارت کردم!

شەهرەزاد:

لە چی ڕزگارم کردی؟

کریستۆف:

لە دەست تیرۆریستەکان.

شەهرەزاد:

پوووف... تیرۆریست لە هەموو شوێنێکن!

بەبیرتە پێت گوتم:

They are every where!(1)

کریستۆف:

Oui. Tu es  mon ange gardienne.(2)

شەهرەزاد:

Dieu te protecte mon cheri,
Aurevoire!(3)

لە کافتیریاکەوە: ئاوازێکی کوردی...

١٠٤- دەرەوە. سپێدەیەکی زوو. قالە قۆز بەناو جەنگەڵێکدا دەڕوا.

قالە قۆز لە ناو چۆڵاییەکی ئەو سروشتە سەختەی بنار شاخێکدا لە خانوویەک نزیک دەکەوێتەوە کە بەتاقی تەنیا لەوێیە.

چەکدارێک پاسەوانی خانووەکەیە، قالە قۆز بەدزییەوە و هەنگاو هەنگاو

---

(١) شەهرەزاد:

لە هەموو شوێنێکن.

(٢) کریستۆف:

بەڵێ. تۆ فریشتەی دالْدەدەری منیت.

(٣) شەهرەزاد:

خوا بتپارێزێت، ئازیزەکەم. خوات لەگەڵ.

لێی نزیک دەکەوێتەوە؛ چەکدارەکە دەگرێت و چەکەکەی لێ دەستێنێ؛ دەمی و هەردوو دەستی لە پشتەوە دەبەستێتەوە.

قالە قۆز دەچێتە ژوورە نیمچە تاریکەوە.

ژنە سەربازە ئەمەریکییەکە دەم و هەردوو دەست و لاقەکانی بەستراونەتەوە. کاتێ قالە قۆز دەبینێ، شاگەشکە دەبێ.

قالە قۆز (شاگەشکە): حورٌ مقصوراتٌ في الخيام

١٠٥- ژوورەکەی کریستۆف لە هوتێل. شەو.

کریستۆف غەمگین و ماندوو، خەون دەبینێ:

١٠٦- خەون:

دەرەوە. ئێوارە. ناو باخچەیەکی پایزیی لێوانلێو لە گەڵای وەریو، گوڵی وەریو.

شەهرەزاد سەرتاپای لەشی، لە نووکی قاچییەوە تا تۆقی سەری بە گوڵی پەمبە و زەرد و سوور و سپی، بە گەڵای وەریوی گوڵ داپۆشراوە. عەینەن مریەم دەستەکانی بەملا و بەولادا ڕاخستووە، گوڵ و گەڵای وەریو دای پۆشیون: بەشێوەیەک کاتێ کریستۆف بە لایدا تێ دەپەڕێ نایبینێ.

کریستۆف، غەمگین، بەلای شەهرەزادی بە گوڵ و گەڵا داپۆشراودا تێ دەپەڕێت. شەهرەزاد بە دەستێک قاچی دەگرێ.

شەهرەزاد:

بەتەمای بڕۆیت و بەجێم بێڵی.. کریستۆف؟!

کریستۆف کاتێ ڕووخساری شەهرەزاد دەبینێ شاگەشکە دەبێ لە خۆشییان. وەک بڵێی بگری. دەنوشتێتەوە سەری و دەخنێتەوە.

کریستۆف:

غەریبیت دەکەم شەهرەزاد.

کریستۆف لە ناو گوڵ و گەڵاکاندا هەڵیدەستێنێتەوە.

کریستۆف:

لێم گەڕێ توخوا با بۆ جارێک باوەشێکت پێدا بکەم.

شەهرەزاد:

کریستۆف.. ئاخر...

کریستۆف باوەشێکی گەرم و توندی پێدا دەکا و نەوازشی دەکا.

کریستۆف:

من هەست دەکەم شتێک لە تۆوە لە ناو مندا سەوز بووە شەهرەزاد.

خۆشم دەوێی.

شەهرەزاد:

کاتی ئەوە نییە، گوێ بگرە! سەفەر ناکەی!

تۆ نابێ سەفەر بکەی.. هەرگیز.

کریستۆف:

لێرە زۆر ماندووم..

شەهرەزاد:

گوێ بگرە، دڵی من..

تۆ نابێ هەرگیز کوردستان بەجێ بهێڵیت. هەرگیز!

کریستۆف:

بۆ؟

شەهرەزاد:

کریستۆف.. تۆ.. هەرکە پێ بنێیتە دەرەوەی کوردستان؛ دەکوژرێی!

کریستۆف:

Ce n est pas vrai![1]

---

(١) کریستۆف:

ئەمە ڕاست نییە.

شەهرەزاد:

من تا ئێستا چیم پێ گوتووی؛ بەڕاست گەڕاوە. وایە؟

من تۆم خۆش دەوێ کریستۆف. دەمەوێ ژیانت بپارێزم.. بە قسەم بکە.. تۆ نابێ کوردستان جێ بهێڵیت.

لە چارەت نووسراوە: لە کوردستان دوور بکەویتەوە.. دەکوژرێی!

کریستۆف:

لە کوێ دەکوژرێم؟

شەهرەزاد:

نازانم. ئەهریمەنی شەڕ و بەڵایەک، خۆی لە دەرەوەی کوردستاندا بۆ تۆ لە کەمین ناوە.

کریستۆف:

بەڵام من دەمەوێ لە فەرەنساوە بچمە ئەڵمانیا.. لەوێ کار بکەم. یەعنی ناتوانم بچمە ئەڵمانیاش؟!

شەهرەزاد:

نازانم لە کوێ ئەم مۆتەکەی مەرگە دەستەویەخەت دەبێتەوە.. بەڵام مەرگ و تیرۆر لە هەموو وڵاتێکی ئەوروپا هەیە. لە هەموو شار و سووچێکی ئەوروپا ئەم مۆتەکەی مەرگە تەڵەی بۆت داناوەتەوە. بەڵام نازانم لە کوێ، نازانم لە کام شار؟

تۆ تەنیا لێرە ژیانت لە ئەماندایە.. کریستۆف.. لەلای من، لە کوردستان.

کریستۆف:

ئەدی چی بکەم، شەهرەزاد؟

شەهرەزاد:

دەبێ تاهەتایە لێرە بژیت. دەبێ تاهەتایە کوردستان جێ نەهێڵیت. تۆ

بگەڕێیتەوە ئەوروپا دەکوژرێی!

کریستۆف:

ئاخـر من دەمـەوێ دایکم ببـینمـەوە، بچـمـەوە سـەر کـاری خـۆم لە فەرەنسا.. من ژیانم لە فەرەنسایە.

شەهرەزاد:

با دایکت خۆی بێتە ئێرە بتبینێ. لێرە کارێک بۆ خۆت بدۆزەوە. تۆ دەبێ ژیانت لێرە دەست پێ بکەیتەوە.

کریستۆف:

C est incroyable, Shahrezad.(1)

شەهرەزاد:

Je suis desolee, mais c est ton destin.(2)

لە کوردستان دوور بکەویتەوە دەکوژرێی.

ئێرە جێ بهێڵیت، دەکوژرێی.. تووشی بەڵا و چورتمێک دێیت و گیان لەدەست دەدەی.

نەڕۆیت کریستۆف..! نەڕۆی..!

شەهرەزاد هاوار دەکا:

نەڕۆی..!

١٠٧- ژووری هوتێلەکەی کریستۆف. شەو.

کریستۆف لە خەو ڕادەچڵەکێت.

---

(١) کریستۆف:

ئەمە چۆن دەکرێ وابێ، شەهرەزاد!

(٢) شەهرەزاد:

من بەداخەوەم، بەڵام ئەمە چارەنووسی تۆیە.

١٠٨- ژوورەوە. ناو ژووره نیمچە تاریکەکەی کە ژنە سەربازە ئەمەریکییەکەی تێدا بەستراوەتەوە.

قالە قۆز چەکەکەی دادەنێ و سەربازە ژنە ئەمەریکییەکە ئازاد دەکا.

سەربازە ژنە ئەمەریکییەکە، ماندوو، برسی، هەڵدەستێتەوە و باوەش بە قالە قۆزدا دەکا و دوو سێ جار ماچی دەکا.

قالە قۆز:

لێرە نا، لێرە نا!

١٠٩- ژوورەوە. ماڵی مەلا سوورە: ژوورێکی مەیلەو تاریک و ڕەنگاوڕەنگ، شیر و قۆچەگا و دەف و ئایەتی قورئانی و شتی لەم جۆرە بە دیوارەوە هەڵواسراون. لەگەنێکی پڕ لە ئاوی کەسک و سووری لە بەردەمی داندراوە.. هەڵمی لێ هەڵدەستێ.

مەلا سوورە، پیاوێکی نوورانی و میهرەبان، بە جلوبەرگێکی تایبەتییەوە، دەست بە تەزبیحێکەوە.

کریستۆف، مەلوول و ماتەمینبار، بەرامبەری دانیشتووە.

مەلا سوورە:

خەون بینین سەرەتای بێداربوونەوەیە.

کەس نازانێ لە دوای ئەو بێداربوونەوەیە بەرەو کوێ دەڕوات و بەچی دەگا!

مەلا دوازدە عیلمەکان دەڵێن «سەرچاوەی خەون ئیرادەیەکی یەزدانییە.. لە ڕۆحێکی پاکەوە دادەبەزێتە ناو دەروونت».

بەڵێ، کوڕی خۆم، توانای خەونبینین بەهرەیە، لە هەموو کەسێکدا نییە. تۆ خۆت دیارە خێر و چاکە و توانایەکت هەیە، بۆیە دەتوانی خەونی مەزن ببینیت!

هەر کاتێکیش خەونێکی مەزنت بینی.. ئیتر ئەو خەونە لە دەست

ژیانی نالەبار و بەڵا ڕزگارت دەکا.

کریستۆف:

چۆن؟

مەلا سوورە:

تۆ لە کاتێکدا لە ژیانی ماندووی ڕۆژانەی خۆتدا مێشکت پڕە لە کێشە و نیگەرانی.. خەون دێ شتێکی تەواو جیاوازت پێ دەبەخشێ؛ چارەسەرێکت دەداتێ!

خەون، عەینەن عەشق، پەرە بە هەست و بیرۆکەکانی بێداریت دەدا.

هەندێک جار خەون بەشێکە لە مەشقکردنی حاڵەتی بێداریی ڕۆژانەمان.

کریستۆف:

قسەم بۆ بکە.. مامە! قسەم بۆ بکە!

مەلا سوورە:

بەڕۆژ شتێکی بچکۆڵە هەست پێ دەکەین و بەشەو ئەو شتە بچووکە بە گەورەیی، وەک لە ژێر میکرۆسکۆبێک گەورە بکرێ دێتە خەونمان و لە خەوندا ڕاستییەکمان پێ دەڵێ.

کریستۆف:

قسەم بۆ بکە.. مامە! قسەم بۆ بکە!

مەلا سوورە:

بە شەو خەونەکە دەبینین، ئنجا بۆ سبەینێ ئەگەر بەدوای خەونەکەماندا بچین، بەشێکی تری ڕاستییەکە پەرەی پێ دەدرێ و ڕوونتر دەردەکەوێ.

جاری وا هەیە تۆ لە خەونتدا عاشقی کچێک دەبی، کاتێ لە خەونەکە بێدار دەبیتەوە.. دەبینی بە ڕۆژ بەڕاستی دڵت بۆ ئەو کچە دەبزوێ!

وایە؟

تۆ، عەشق هێزی ئەوەی پێت بەخشیوە کە بتوانیت پێشگۆیی بکەی لە ڕێگەی خەونەکانتەوە.

مەلا سوورە دەستی نەوازش بە پشتی کریستۆف دادەهێنێ:

من دڵنیام هەرچی خەونێکی تۆ دەیبینی.. ڕاستە و بەڕاست دەگەڕێ!

کریستۆف شانی مەلا سوورە ماچ دەکات، هەڵدەستێ بڕوا.

مەلا سوورە:

کەواتە هەمیشە خەونی باشمان بۆ ببینە..!

کریستۆف بە غەمگینییەوە:

باش.

مەلا سوورە:

خەون بەمەوە ببینە کە تیرۆر لە دنیا نەمێنێ..!

کریستۆف بە زەردەخەنەیەکی ئومێدەوارانە:

باش.

مەلا سوورە:

خەون بەمەوە ببینە کە کوردستان لە دەست داگیرکەران ئازاد ببێ!

کریستۆف، وەک سەربازێکی نائومێد و دۆڕاو، خەریکە لە دەرگەی ماڵی مەلا سوورە تێپەڕ دەبێ.

دەنگی مەلا سوورە:

خەون هەمیشە بە عەشق و ئازادی و خێر و بەرەکەتەوە ببینە..!

کریستۆف کاتێ لە ماڵی مەلا سوورە دێتە دەرەوە، شەهرەزاد دەبینێ؛ شاگەشکە دەبێ.

شەهرەزاد لە دوورەوە دێ باوەش بە کریستۆفدا دەکا:

ناو دەمی کریستۆف ماچ دەکا.

١١٠- دەرەوە. ئێوارە. ناو حەوشەی ماڵی قالە قۆز.

سەربازە ژنە ئەمەریکییەکە جلوبەرگێکی ڕازاوەی کوردیی لەبەر کردووە، لە ناو مۆسیقایەکی کوردیدا، بەنەرمییەوە گۆرانی بۆ قالە قۆز دەڵێ:

هەر ئەڕۆم ئەڕۆم دڵم ئەلەرزێ ئامۆزا گیان
لێم بەجێ ماوە ملگەردەن بەرزێ ئامۆزا گیان
ئامۆزا تۆ بالاّ بەرزی
ئامۆزا تۆ بۆ من فەرزی

قالە قۆز حەوشە و ماڵەکەی خۆی زۆر جوان ڕازاندووەتەوە.

برادەر و خزم و خەڵکی گوند هەلهەلەی زەماوەندی بۆ لێ دەدەن.

١١١- دەرەوە. ئێوارە. ناو سروشت. شەهرەزاد و کریستۆف لە ئاهەنگەکەی قالە قۆزەوە دێنە دەرەوە و دەست لە دەستی یەکتر بەرەو باوەشی سروشت هەنگاو دەنێن.

٢٥/ ٢/٢٠٠٧